


September : 2011 | یەکبوون ژمارە : ١٨ | رەزبەری ٢٧١١ ی کوردی







**کورد و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی** ... بۆ لاپەڕەی ٢

**یادێک لە حوسێن حوزنی موکریانی**

**مێژوونووس و رۆژنامەگەریی لێهاتووی کورد...** لاپەڕەی : ٧

**بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان و پێگەی ژنی کورد**
**(لە نیوەی دووهەمی سەدەی ٢٠ دا)** بۆ لاپەڕەی ... ٥

**کورتەیەک لە مێژووی شاری هەولێر** بۆ لاپەڕەی ... ٩




بۆ لاپەڕەی ... ١٣




بۆ لاپەڕەی ... ١٤




بۆ لاپەڕەی ... ١٥




بۆ لاپەڕەی ١٧




بۆ لاپەڕەی ... ١٦

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون ، گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی رەحمان نەقشی
r_neqsi@yahoo.ca

# کورد و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی

دوکتور نووری تاڵەبانی



دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردستانی سەربەخۆ خەونی هەمیشەیی کورد بووە، پەیماننامەی (سێڤر)ی نێودەوڵەتی کە لە ٢٠ ئابی ١٩٢٠ ئیمزاکراوە، بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت ئەو خەونەی لە واقیع نزیککردەوە، بەڵام بەرژەوەندی ئابووری و ستراتیژی دەوڵەتە زلهێزەکان لە ناوچەکە، بە تایبەتی هی بەریتانیا بوونە کۆسپ لەبەردەم دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە.

پەیماننامەی (سێڤر) یەکەم پەیماننامەی نێودەوڵەتییە کە لە ماددەکانی ٦٢ و٦٣ و٦٤ ڕێگای چارەسەرکردنی پرسی کوردی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی دیاری کردووە. کورد لەوێدا وەک نەتەوەێک لە نەتەوەکانی ڕۆژهەلاَتی ناوەراست پێناسەکراوە،

" لە ماددەکانی ٦٢ و٦٣ و٦٤ ڕێگای چارەسەرکردنی پرسی کوردی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی دیاری کردووە. کورد لەوێدا وەک نەتەوەێک لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست پێناسەکراوە "

پێشنیازی دامەزراندنی قەوارەێکی سیاسی لە شێوەی حوکمێکی زاتی لەو ناوچانەی کە کورد زۆرینە پێکدێنن تێیدا بڕیاری لەسەر دراوە. فۆرمولەی ئەو حوکمە زاتییە بە کۆمیتەێکی نێودەوڵەتی سپێردراوە، کە نوێنەرانی حکومەتی بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا بەشداری لە دارشتنی بکەن.

سنووری سیاسی ئەو ناوچەیە لە ماددەی ٦٢ دەستنیشانکراوە، کە لە ڕووباری فورات و خواروی ئەرمینیاوە دەستپێدەکات، تا سنووری سوریا و مێزۆپۆتامیا، ئەوە یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگەکانی ئەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیە، چونکە باس لە خاک دەکات.

لە پاراگرافی یەکەمی ماددەی٦٤ باس لە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی دەکات لەو ناوچانەی کە حوکمی زاتی تێدا دروستدەکرێت، بە مەرجێک زۆرینەی دانیشتوانان لە ماوەی ساڵێکدا داوای سەربەخۆیی ولاَتەکەیان بکەن. ئەو مەرجە لەگەڵ پرنسیپی دیاری کردنی مافی چارەنووس دەگونجێت، چونکە ئەو گەلەی داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکات، دەبێ خۆی ئەو بڕیارە بدات. لەدوا پەرەگرافی ماددەی٦٤ باس لە دیاری کردنی دوارۆژی کوردی ویلایەتی موسلی عوسمانی کراوە، کە دەتوانن پاش دروستکردنی ئەو دەوڵەتە کوردیە، داوابکەن ببن بە بەشێک لەو دەوڵەتە.

دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردو بۆ نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە کارێکی ئاسان نەبوو، لە لایکەوە بەشی زۆری ئەو ناوچانەی تا ئەو دەمە بەشێک بوون لە دەوڵەتی عوسمانی، لەلایەن لەشکری بەریتانیاو فەرەنساوە داگیرکرابوون. ئەو دوو دەوڵەتە لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی دیکەدا پێشتر بەپێی پەیماننامەی (سایکس – پیکۆ)ی نهێنی کە لە ساڵی ١٩١٦بەسترابوو ئەو ناوچانەیان لەنێوخۆیان دابەش کردبوو. بەهۆی داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن لەشکری ئەو دوو دەوڵەتەوە، ڕاستەوخۆ ئەفسەرانی سیاسی حوکمڕانی ئەو ولاَتانەیان دەکرد. کێشەی دیاری کردنی سنووری ئەو ولاَتانە، کە هەر یەکەیان لەسەردەمی حوکمی عوسمانی بەسەر چەند ویلایەتێکدا دابەشکرابوون، کێشەێک بوو پێویست بوو ئەویش چارەسەر بکرێت. لەو ڕووەوە کێشەی گەورە لەنێو بەریتانیاو تورکیادا هەبوو، چونکە لەشکری بەریتانیا لەپاش مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی (مۆدرێس) بەبێ شەڕ بەشێک لە ویلایەتی مووسلی داگیرکردبوو. تورکیا داگیرکردنی ویلایەتی موسلی بەناڕەوا دەزانی، ئەو کێشەیە تا دەهات گەورەتر دەبووەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوە داوا لە (کۆمەڵەی گەلان–عصبە الامم) بکرێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. پرنسیپی (ماندێت – ئینتیداب) بۆ پاراستنی بەرژەوەندی سیاسیی و ستراتیژی و ئابووری دەوڵەتە داگیرکراوەکانی ناوچەکە دانرابوو، دەبوو هەر یەکە لەو دەوڵەتانەی بڕیاری دامەزراندنی دەدرێت بۆ ماوەێکی دیاری کراو لەژێر ماندێتی یەکێک لەو دەوڵەتانە بمێنێتەوە، تا بزانن "توانای ئەوەی هەیە کاروباری خۆی بەڕێوەبەرێت"! ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کە لەژێر ڕکێفی ئەو دەوڵەتە زلهێزانە بوو، لەسەر پێشنیازی ئەوان بڕیاری بە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە دەدا. عێراق لەسەردەمی حوکمی عوسمانیدا دابەشکرابوو بەسەر(٣ ) ویلایەتدا، لە پەیمننامەی (سایکس – پیکۆ) ویلایەتی بەسرەو بەغدا بەر بەریتانیا کەوتبوو، ویلایەتی مووسل بۆ فەرەنسا. سوریا و لوبنان کە پێکهاتبوون لە چەند ویلایەتێک، بەر فەرەنسا کەوتبوون، فەلەستین و ئوردون لەژێر ماندێتی بەریتانیا بوون. دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لەو بارودۆخە ئاڵۆزە دا کارێکی ئاسان نەبوو، بەتایبەتی کە بەریتانیا پشتگیری لە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە نەدەکرد، بەپێچەوانەوە، هەموو توانای دیبلۆماسی و سیاسی و سەربازیی خۆی خستبووە گەڕ بۆ ئەوەی ویلایەتی مووسل بخرێتە سەر سنووری دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق، کە لە ساڵی ١٩٢١ لە دوو ویلایەتی بەغداو بەسرا دروستی کرابوو، لەژێر ماندێتی ئەودابوو. بەریتانیا قەناعەتی بە فەرەنسا کردبوو دەست لەسەر ویلایەتی مووسل هەڵبگرێت، بەرامبەر پێدانی لە ٢٣% لە کۆمپانیای نەوتی تورکی، کە لەسەردەمی حوکمی عوسمانی دروستکرابوو.

لە باشوری کوردستان، بۆ پەکخستنی هەوڵی سەرکردەکانی کورد لە نزیکبوونەوە لە تورکیا، بەریتانیا چەند بەڵێنێکی بە شێخ مەحمودی حەفید دابوو، کرابووە (حوکمدار)ی ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری، بەڵام ناوچەی کەرکوکی لەگەڵ نەبوو. ئەو ئەفسەرە سیاسیانەی بەریتانیا کە لە کوردستان بوون لەگەڵ نوێنەرانی ئەو دەوڵەتە لە بەغدا خەریکی جێبەجێکردنی پلانی لکاندنی ویلایەتی مووسل بوون بە دەوڵەتی عێراقەوە، لەکاتێکدا کە سەرکردەکانی کورد داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دەکرد. کێشەی نێوان بەریتانیا و حکومەتی موستەفا کەمال لە ئەنکارا چارەسەر نەکرابوو، کە داوای ویلایەتی مووسلی دەکرد، بۆیە یەکلایکردنەوەی دوارۆژی باشوری کوردستان دواخرابوو.

بە پێی ماددەی٦٤ لە پەیماننامەی (سێڤر) کوردی باکور دەبوو پاش دامەزراندنی ناوچەیێکی ئۆتۆنۆم داوای سەربەخۆیی بکەن، بە مەرجێک بەکردەوە بیسەلمێنن توانای بەڕێوەبەرایەتی کاروباری خۆیانیان پێ دەکرێت. بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەتی موستەفا کەمال لەگەڵ فەرەنسا و یەکیەتی سۆڤێت ڕێککەوتبوو، مەسەلەی دامەزراندنی ناوچەیێکی ئۆتۆنۆم لە باکوری کوردستان لەبیر کرا. دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی پابەندکرابوو بە ڕەزامەندبوونی ئەنجومەنی (کۆمەڵەی گەلان–عصبە الامم)، ئەو پڕیارەش هەر نەدرا چونکە پرسی کورد نەخرایەوە بەردەم ئەو ئەنجومەنە.

ڕەخنەی زۆر لە پەیماننامەی (سێڤر) دەگیرێ، بەڵام لەڕووی قانوونیەوە یەکەم پەیماننامەی نێودەوڵەتییە کە ڕاشکاوانە باس لە پرسی کورد دەکات و دان بەبوونی وەک نەتەوەێکی جیاواز لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا دەنێت. ڕەخنەی ئەوەش لە (سێڤر) گیراوە کە تەنیا باسی لە پرسی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا کردووە. پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کردووە کە ئەو پەیماننامەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و هاوپەیمانان لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم ئیمزاکراوە.

بەریتانیا لەسەرەتاوە چاوی لەسەر نەوتی ناوچەی کەرکوک دانابوو. جگە لەوەش، لە کاتی گوفتوگۆ لەسەر دیاری کردنی دوارۆژی ئەو گەلانەی پێشتر بەشێک بوون لە دەوڵەتی عوسمانی، لە ژنرال شەریف پاشای خەندان بەولاوە کەسێکی تر لە پاریس نەبوو هەوڵی ئەوە بدات داخوازیەکانی کورد بخرێنە بەردەم بەشداربووانی کۆنفرانسی (ڤێرسای). گرنگی

سەرچاوە
Serchawe

یەکبوون
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

(سێڤر) لەوەدایەکە پاش زیاتر لە (٧٠) ساڵ لە مۆرکردنی، لە کۆبوونەوێکی فەرمی کە لە کۆشکی کۆماری بۆ (سلێمان دێمریل) ڕێکخرابوو گلەیی لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دەکرد بەوەی "خەریکن بەندەکانی (سێڤر) زیندوو دەکەنەوەو دەوڵەتێکی کوردی دروست دەکەن"! ئەوە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێ کە بەندەکانی (سێڤر) لەکارخراون واتە (نەسخ کراون) بەهۆی مۆرکردنی پەیماننامەی (لۆزان) لە ٢٣ی تەمووزی ١٩٢٣، نەک هەڵەوەشابێتنەوە. ئەو مەرجانەی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دانرابوون ئاسایی بوون ئەگەر باروودۆخی سیاسی و نێودەوڵەتی ئەو دەمە بخرێنە بەرچاو. دەوڵەتە زلهێزەکان بیریان لە بەرژەوەندی خۆیان دەکردەوەو دەترسان دەوڵەتی تازە دروستبکرێت، چونکە جگەلەوەی باوەڕیان بە پرنسیپی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکانی ژێر دەستیان نەبوو، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان بە کۆسپ لەبەردەم بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەزانی. ئینگلیز عێراقی داگیرکردبوو، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لکاندنی باشوری کوردستانی بەو دەوڵەتە تازە دروستکراوی عێراق دەدا، تا نەوتی ناوچەی کەرکوک لەناو خاکی عێراقەوە ڕەوانەی سەر دەریای سپی بکرێت.

مەسەلەی کورد بۆ جارێکی تر بووەوە بە مەسەلەیێکی ناوخۆیی لە ناو ئەو دەوڵەتانەی خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەشکرا. دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٥دا سوودی بۆ کورد نەبوو. بەڵام کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٤ی دیسەمبەری ١٩٦٠ بڕیارێکی پەسەندکرد، تێیدا دانی بە مافی گەلان نابوو بۆ دیاریکردنی دوارۆژی خۆیان. ئەو پرنسیپە لە ساڵی ١٩٦٦ لەو جاڕنامانەی لەلایەن دەستەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری UN چەسپێندرایەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوە بەشێکی زۆر لەو گەلانەی تا ئەو دەمە لە ژێردەستی دەوڵەتە کۆلۆنیالەکاندا بوون، سەربەخۆیی وڵاتەکەیان بەدەست بهێن. ئەو بڕیارانە دوو مەرجی سەرەکی بۆ جێبەجێکردنیان دانرابوو: یەکەم دەبێ ئەو کۆمەڵگایەی داوای سەربەخۆیی وڵاتەکەی دەکات (گەل) بێت، دووەم وڵاتەکەی لە ژێردەستی یەکێک لە دەوڵەتە کۆلۆنیالەکان بێت.

لە کۆنفرانسێکی قانوونی کە لە ڕۆژانی ٢٠ و ٢١ی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٩ لە واشنتۆن بەسترابوو بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی پرسی کورد لە قانوونی نێودەوڵەتیدا، کۆمەڵەیێک پسپۆرو مامۆستای قانوون لە چەند زانکۆیێکی ئەمریکی و چەند کەسایەتێکی قانوونی لە بەریتانیاو ئەڵمانیاوە بەشداریان تێدا کردبوو، کە یەکێکیان لۆرد (ئێڤبری) قانووناس و سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ بوو لە پەرلەمانی بەریتانیا، لەو کۆنفرانسە پێشنیازی ئەوەم کرد بڕیارە نێودەوڵەتیەکانی ساڵی ١٩٦٦ باشوری کوردستان بگرێتەوە، چونکە لە ساڵی ١٩١٨ەوە تا کۆتایی ١٩٢٥ بەشی زۆری باشوری کوردستان ڕاستەوخۆ لە ژێردەستی وەزارەتی کۆلۆنیالی بەریتانیا بووەو لەشکری بەریتانیا حوکمی ئەو ناوچانەیان کردووە. داگیرکردنی باشور لەلایەن لەشکری بەریتانیاوە تا کۆتایی ساڵی ١٩٢٥ درێژەی کێشا، لەو ماوەدا بەریتانیا وەک دەوڵەتێکی کۆلۆنیالی داگیرکەر ڕەفتاری لەگەڵ گەلی کوردستان کردووە، چەندین جار هێزی زەمینی وئاسمانی ئەو لەشکرە دێهات وچەند شاری کوردستانی وێران کردووە.

هەر لەو ماوەدا بەریتانیا دەستی بەسەر سامانی نەوتی کوردستاندا گرتووە، ئەوەش هۆکاری سەرەکی لکاندنی باشوری کوردستان بوو بە دەوڵەتی عێراقەوە. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت کە لە ساڵی ١٩٢١ەوە تا کۆتایی ساڵی ١٩٢٥ باشوری کوردستان بە فەرمی نەخرابووە سەر دەوڵەتی عێراق، ئەو ڕێفەڕاندۆمەی لە ساڵی ١٩٢٥ ڕێکخرا بۆ یەکلاکردنەوەی دوارۆژی ویلایەتی موسل، هەموو خەڵکی کوردستان بەشداریان تێدا نەکردووە، زیاتر سەرەک عەشیرەت و موختار و بەشێک لە پیاو ماقوڵانی شارەکان بەشداریان تێدا کردووە. لەڕووی قانوونییەوە باشوری کوردستان لەو ماوەدا وڵاتێکی ژێردەستە بووە، هەر بەو شێوەش ڕەفتاری لەگەڵ کراوە.

سەبارەت بە مەرجی یەکەم، کورد وەک گەلێکی تایبەت و خاوەن خاکی خۆی لە پەیماننامەی (سێڤر)ی ساڵی ١٩٢٠دا دانی پێدانرابوو، بۆیە بەپێی ئەو بڕیارانەی UN دەبوو بتوانێ داوای دیاری کردنی مافی چارەنووسی خۆی بکات.

پاش گوفتوگۆیەکی زۆر لەسەر بابەتەکە، بەشداربووانی ئەو کۆنفرانسە پشتگیریان لە بۆچوونەکەم کرد، بەریتانیا وەک دەوڵەتێکی داگیرکەر لە باشوری کوردستان درایە قەڵەم چونکە بەوجۆرە ڕەفتاری لەگەڵ کورد کردبوو. ڕەخنەی لەو بۆچوونەش گیرا بەوەی کوردستان وڵاتێکی ژێردەستەی دەوڵەتێکی کۆلۆنیال نەبووە، هەر لەپاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ باشوری کوردستان لکێندراوە بەو دەوڵەتەوە. بەڵام زۆرینەی بەشداربووانی ئەو کۆنفرانسە لەگەڵ ئەوەدا بوون کە وەزارەتی کۆلۆنیالی بەریتانیا ڕاستەوخۆ حوکمی ئەو بەشەی کوردستانی کردووە بۆ ماوەی زیاتر لە (٥) ساڵ، بۆیە ئەو بڕیارانەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان باشوری کوردستانیش دەگرێتەوە.

گەلی کورد گەلێکی جیاوازە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەموو ئەو مەرجانەی بۆ ناساندنی وەک گەلێکی تایبەت، تێدا هەیە. جگەلەوەش، خاکی خۆی هەیەو بە کوردستان ناسراوە، هەمیشە لەسەر ئەو خاکەی ژیاوە و بەجێی نەهێشتووە. لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم ناهەقییەکی مێژوویی لەگەڵ کورد کراوە، چونکە دەبوو کورد وەک بەشی زۆری ئەو گەلانەی بەشێک بوون لە دەوڵەتی عوسمانی و پاشان بوونە خاوەن دەوڵەتی خۆیان، ئەویش لەو مافەی بێبەش نەکرێت. دەوڵەتە زلهێزەکان بەرپرسیاری یەکەمن لە ساندنەوەی ئەو مافە لە گەلی کورد، ئەوەش بەپێچەوانەی پرنسیپەکانی قانوونی نێودەوڵەتیە. ئەو دەوڵەتانە لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و دەولەتانی ناوچەکە ئەو مافەیان لە کورد زەوتکردووە، ئەگینا دەبوو لەو دەمەوە کورد خاوەن قەوارەی سیاسی خۆی بێت.

تا سەرەتای ساڵەکانی سیی سەدەی ڕابوردوو، دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دروشمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بووە، بە مەرجێک ناوچەی کەرکوکیش بگرێتەوە. قبووڵکردنی عێراق بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان لەساڵێ ١٩٣٢ بووە هۆی ئەوە سنووری ئەو دەوڵەتە، بە ولایەتی موسلەوە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە دانی پێدابنرێت و عێراق وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێناسە بکرێت. لەو دەمەوە مەسەلەی کوردی لە مەسەلەیێکی نێودەوڵەتییەوە بووە مەسەلەیێکی نێوخۆیی، باشوری کوردستان بووە بەشێکی دانەبڕاو لە دەوڵەتی عێراق. دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ گۆڕا بۆ داوای "خودموختاری" لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکرات. لە ئەیلولی ١٩٩١ دروشمی فیدرالی جێگای "حوکمی زاتی" گرتەوە، بەشی هەرە زۆری حیزب و لایەنە سیاسیەکانی باشوری کوردستان بوونە هەڵگری ئەو دروشمە. پاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ئایاری ١٩٩٢، ئەو پەرلەمانە لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەو ساڵە فیدرالی پەسەندکرد وەک سیستەمی حوکمڕانی بۆ عێراقی پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ئەوەش لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ پەسەندکرا.

دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت کە لەکاتی دەنگدان لەسەر پرۆژەی دەستووری عێراق لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ دروشمی سەربەخۆیی کوردستان جارێکی تر، بەڵام بەنافەرمی لەلایەن زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەنگی لەسەردرا. بزوتنەوەی "ڕێفەڕەندۆم" بەپاڵپشتی زۆرینەی خەڵکی کوردستان، بەناوچە دابڕاوەکانیشەوە دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، بێ ئەوەی پاش ئەوە بە دواداچوونی بۆبکرێت.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ دەستووری هەمیشەیی عێراق پەسەندکرا، زۆرینەی دەنگدەران لە هەرێمی کوردستان دەنگیان بۆ ئەو دەستوورە دا. ئەو دەنگدانەی خەڵکی کوردستان وا لێکدەدرێتەوە کە زۆرینەی دەنگدەران دەنگیان بۆ فیدرالیزم داوە، چونکە ئەو دەستوورە لەسەر بنەمای فیدرالیزم و دیموکراسی و فرە حیزبی و فرە ڕایی داڕێژراوە. کورد تا پەسەندکردنی دەستووری تازەی عێراق دەیتوانی ڕەخنە لەشێوازی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بگرێت، چونکە لەساڵی ١٩٢٥ لە ڕێفەڕەندۆمێکی ڕواڵەتیدا دەنگی بە مانەوەی باشوری کوردستان لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراق دابوو، ناوچەی سلێمانی و بەشێک لە ناوچەی کەرکوک بەشداریان لەو دەنگدانە نەکردبوو، بەڵام دەنگدان بە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بووە هۆی پابەندبوونی کورد بەو دەستوورە، مەگەر حکومەتی عێراق پابەندنەبێت بەو بنەما سەرەکیانەی لەو دەستوورە دا هاتوون. ئەگەر حکومەتی عێراق پابەند نەبوو بەو بنەما سەرەکیانەی دەستوور، ئەوا دەتوانێ لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی ئارەزوومەندانە بکشێتەوە. بەڵام دەوڵەتانی ناوچەکە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەگشتی پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ناکەن. ئەو

سەرچاوە
Serchawe

بارودۆخە نێودەوڵەتیەی بووە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کۆسۆفۆ و لە باشوری سودان، لە هەرێمی کوردستان جارێ پەیدانەبووە. دەوڵەتە زلهێزەکان لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان پشتگیریان لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە هەرێمی کۆسۆفۆ و باشوری سودان کرد، بەڵام پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی ناکەن.

پرنسیپە سەرەکیەکانی قانوونی نێودەوڵەتی کە دیاریکردنی مافی چارەنووس یەکێکیانە، ڕێگا بە گەلی کوردستان دەدات داوای ئەو مافە ڕەوایەی بکات، بەڵام بەکارهێنانی لە بەرژەوەندی ئابووری و ستراتیژی دەوڵەتە زلهێزەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە نییە، ئەو دەوڵەتانە هەمیشە باس لە "بەرقەراری ئەمن وئاسایش لە ناوچەکە" دەکەن و ڕێگا بە دەستکاریکردنی سنووری سیاسی ئەو دەوڵەتانەی خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە نادەن.

لەپاش ڕووخانی رژێمی بەعسی لە نیسانی (ئاوریلی) ٢٠٠٣ هەلومەرجێکی تایبەت هاتە پێشەوە، بەڵام سەرانی کورد نەیانتوانی سوودی لێ وەربگرن. ئەو هەلومەرجە تازەیە دەکرا ببێتە بنەمایێکی قانوونی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەم بەشە رزگارکراوەی کوردستان. پەسەندکردنی دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان لە پاش ڕاگەیاندنی فیدرالی لەمانگی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢، کە تێیدا مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێکی ڕەوای گەلی کوردستان بچەسپێنرابا، دەکرا بکرێتە بنەما بۆ داواکردنی سیستەمی کۆنفیدرالی لە دەستووری عێراقدا، کورد لەو دەمەدا رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە ئامادەکردن و دارشتنی پرۆژەی دەستووری عێراق، کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ دەنگی لەسەردرا.

هەولێر، ٥ی ئایاری (مای) ٢٠١١

سەرچاوە : ماڵپەری بەیانی

# بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان و پێگەی ژنی کورد

## (لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیست دا)



کوێستان فتووحی

### پێشەکی

کە باس لە ناسیونالیزم و بزووتنەوەی نەتەوەیی کود دەکەین، چەندین پرسیار بەرەورووومان دەبێتەوە. پێناسەی ناسیونالیزم وبزووتنەوەی نەتەوەیی، مێژوو و دەسپێکی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و بزووتنەوەی نەتەوەیی هەموویان دەتوانن جێگای پرسیار و باس بن و بێگومان بیرورِای جیاوازییش لە بارەی هەرکامێکیانەوە هەیە.

کاتێکیش دێینە سەر پێوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و پرسی ژن، کۆمەڵێک پرسیاری دیکە قوت دەبنەوە. مەبەستمان چیە؟ ڕەنگدانەوەی ویست و داخوازەکانی ژنان لە ئەدەبیاتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا؟ بایەخدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە باری فکری و تیۆرییەوە بە پرسی ژن، یان مەبەستمان لە رۆڵ و بەشداریی ژن لە بزووتنەوەکە دایە؟

لە بەرایی باسەکەمدا دەبێ روونی بکەمەوە کە لەم باسەدا مەبەستم لە ناسیۆنالیزمی کورد شکڵ گرتنی ئەو تێگەیشتن و عەقڵییەتە شوناسخوازانەیە کە دەیەوێ کورد وەک نەتەوەیەک خاوەنی مافە نەتەوەییەکانی خۆی بێ و دەسەڵات و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێ. چەمکی بزووتنەوەی نەتەوەییشم بۆ هەموو ئەو بزووتنەوانە بەکار هێناوە کە ویستی نەتەوەیی لە سەرووی ویستەکانی دیکەی بووە یا تێکەڵ بە ویستەکانی دیکەی بووە. لەم جۆرە بزووتنەوانەدا لە سەدەی بیستەم لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا هەبوون و هەر ئێستاش لە هەموو

بەشەکانی کوردستان بڵێم کە باس لە پێوەندی پێویستە هەر دوو لای بزووتنەوە بە پرسی ژنان، هەم دەبێ بخرێتە بەر سەرنج. دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد، بدرێتەوە. بەڵام چونکە ناچار باسێک لە بزووتنەوەی دووهەمی سەدەی بیستەم دا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و دا



لە نیوەی دووهەمی سەدەی ٢٠ کوردستانەوە هەتا کۆتایی جۆراوجۆرەکانی نیشتمانەکەیدا دیتوون، وەک شۆرشی ئەیلوول و بزووتنەوەی نەتەوەیی و

بزووتنەوەی نەتەوەیی هەیە. هەروەها دەبێ بزووتنەوەی نەتەوەیی و ژنی کورد دەکرێ، مەسەلەکە هەم بایەخدانی فکری و نەزەریی رۆڵ و بەشداریی ژن لە نێو بزووتنەوەکەدا هەروەها بایەخدان بە ژن لە ناوچەی ژێر پێویستە لە توێی ئەم باسەدا ئاورِ لێ ماوەکەم بۆ دەربرِینی ئەم باسە، کەمە بە نەتەوەیی لە کوردستان و پرسی ژن لە نیوەی دەکەم.

پرسی ژنان لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم

دەوە، واتە لە دوای رووخانی کۆماری سەدەی ٢٠، نەتەوەی کورد لە بەشە کۆمەڵێک بزووتنەوەی نەتەوەیی بە خۆیەوە شۆرشی نوێ لە باشووری کوردستان، وەک دیمۆکراتیک لە دوای رووخانی رێژیمی شایەتی

لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستاش بەردەوامە، هەروەها ئەو راپەرین و بەرخۆدانەی کە لە باکووری کوردستان لە هەشتاکانی سەدەی ٢٠ دەوە دەستی پێکرد و ئێستاش بەردەوامە.

هەرکام لەو بزووتنەوە و حەرەکەتە نەتەوەییانە تایبەتمەندیی خۆیان و جیاوازیی خۆیان هەبووە. بۆ وێنە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دوای رووخانی رێژیمی شایەتی، ئەگەرچی

دەسەڵاتێکی کوردی لە شێوەی دەوڵەت و حکوومەت دا پێک نەهات. بەڵام هێزەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە، بۆ ماوەی چەند ساڵێک ناوچەیەکی بەرینیان بە دەوستەوە بوو. هەروەها لە باشووری کوردستانیش، بەر لەوەی راپەڕین لە سەرەتای دەیەی ٩٠ دا دەست پێ بکا، بۆ ماوەیەک هێزە کوردییەکان ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان هەبوو. لە دەیەی ٦٠ و ٧٠ی زایینییشدا ئەو کاتەی شۆڕشی ئەیلوول لە ئارادا بوو، بەشێکی گەورە لە باشووری کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دا بوو. ئەمە لەو بارەوە گرنگە کە هێزە نەتەوەییەکانی کورد، لە مەیدانی کردەوەشدا تەعامول و روانینی خۆیان بەرامبەر بە ژنان دەرخستوە. بێجگە لە ناوچەی ژێر دەسەڵات، مەحەکێکی دیکە هەیە بۆ ناسینی روانگە و هەڵوێست و کردەوەی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی بەرامبەر بە ژنان. ئەویش بەشداری و رۆڵ و دەوری ژن لە نێو پێکهاتەی ئەو حیزب و رێکخراوانەدایە.

من هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە یەک بە ٣ بوار بکەم:

١- بواری فکری و تیۆری ( واتە ژن لە بەرنامە و پەسندکراوەکانی ئەم هێزانەو ئەدەبیاتیاندا)

٢- بەرنامەو هەنگاوی تایبەت بە ژنان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکاندا

٣- ژن لە ستراکتۆری ئەو هێزانەدا.

## ڕەهەندی یەکەم:

### ژن لە بەرنامە و پەسندکراوەکانی هێزە کوردییەکاندا:

ئەگەرچی ئەم بەستێنە لێکۆڵینەوەی وردتری پێویستە، بەڵام دەتوانم بڵێم زۆربەی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە بەرنامە و پەسندکراو و دروشمەکانیانداو هەروەها لە بڵاوکراوە و راگەیەنەکانیاندا، گرنگییان بە پرسی ژن داوە، باسی ستەم و هەڵاواردن لە دژی ژنانیان کردوە. دیارە جیاوازی هەیە لە بەینی ئەم حیزب و فڵان رێکخراو، یەک کەمتر یەک زیاتری کردوە. بەڵام هەڵاواردنی رەگەزی یا جنسی و ئەو نابەرابەری و چەوسانەوەیەی لە کۆمەڵدا بەرامبەر بە ژنان هەیە، لە پەسندکراو و ئەدەبیاتی حیزب و رێکخراوە کوردییەکاندا رەنگدانەوەی هەیە و هەوڵدان بۆ لەنێوبردنیان بە ئەرکی ئەو حیزبانە و بزووتنەوەی کورد دانراوە. دیارە ئەو حیزب و رێکخراوانەی بیر وباوەڕی سوسیالیستی و چەپ و پێشکەوتنخوازانەیان هەبووە، زیاتر باسی پرسی ژنانیان کردوە، بەم جۆرە لە بزووتنەوەکانی کورد لە نیوەی دووهەمی سەدەی ٢٠ دا دان بە پرسی ژندا نراوە. بەڵام ئەم دەنگە نابیسین کە نابێ رزگاریی ژن بە رزگاریی نەتەوە ببەستینەوە. بە پێچەوانەوە، ئەو باوەڕە زاڵە کە دەبێ رزگاریی ژن هەڵ بگیرێ بۆ دوای رزگاریی گەل و نەتەوە.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە لە گەڵ تێپەڕینی زەمان، پرسی ژن لە پەسندکراو و ئەدەبیاتی ئەو حیزبانەدا، پڕڕەنگتر دەبێ. ساڵ بە ساڵ و کۆنگرە بە کۆنگرەو بە پێی گرنگیدان بە پرسی ژن لە ئاستی جیهاندا، ئەم پرسە لە ئەدەبیات و گوتاری هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد دا تۆختر و دیارتر دەبێ و تەنانەت هێندێک حیزب، باس لە پەیماننامە جیهانییەکانی تایبەت بە ژنان دەکەن کە دەبێ ژنانی کوردیش لێیان بەهرەمەند بن.



ئەم ئاوڕدانەوەیە لە پرسی ژنان، هەروەها پێکهێنانی رێکخراو و یەکیەتی و کۆمەڵەی تایبەت بە ژنان کە زۆربەی هێزە کوردییەکان کردوویانە، بەر لەوەی لە خزمەت بەرەوپێشبردنی پرسی ژنان و ئازادیی ژناندا بووبێ، بە مەبەستی راکێشانی پشتیوانیی ژنان بۆ لای ئەو هێزانە و بزووتنەوەی نەتەوەیی بووە.

## ڕەهەندی دووهەم:

### بەرنامەی تایبەت بە ژنان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هێزی کوردیدا:

لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا لە دەیەی ٦٠ ەوە تا ١٩٧٥ لە باشووری کوردستان، شۆڕش و بزووتنەوەی کورد، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی هەبووە.( مەبەستم شۆڕشی ئەیلوولە کە لە چاو شۆڕشی نوێ ناوچەکەی بەرفرەوانتر بوو). چ بە هۆی ئەو بارودۆخەی شۆڕشەکەی تێدا بووە (شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی)، هەروەها بە سەرنجدان بە دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و زاڵبوونی پێوەندیی عەشیرەتی و بەگشتی سوننەتی بوونی کۆمەڵگە، لە باری یاساییەوە هەنگاوێکی جیددی یا بڕیارێکی گرنگ لە بەرژەوەندی ژنان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد، بەدی ناکرێ. واتە شۆڕشی کورد، گرنگیی بەو ستەم و هەڵاواردن و نایەکسانییە نەداوە کە لە بن دەستی خۆی بەرامبەر بە ژنان هەیە. جا هۆیەکەی یا بیانووەکەی هەر شتێک بووبێ. هەر بۆیە گەورە بە بچووک، کچ بە زۆر بەشوودان ، ژن بە ژنە و جۆرەکانی دیکەی ستەم و چەوسانەوەی ژنان، هەڵنەوەشێندرانەوە و دژایەتیی جیددیان لەگەڵ نەکراوە.

بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لەم بارەیەوە بزووتنەوەی کورد باشتر جووڵاوەتەوە. هۆیەکەی دەکرێ چوونە پێشیزەمان بێت، چونکە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، بە چەند ساڵ دوای شۆڕشی ئەیلوول هاتوە و لەوانەشە، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی تێگەیشتنی گشتی لە بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان باشتر بووبێ، جگە لەمەش دەکرێ جیاوازیی ئەو هێزانەی ئەو بزووتنەوەیان بەڕێوە بردوە، بووبێتە هۆی ئەوە هەڵوێست و روانین و هەڵسوکەوت بەرانبەر بە ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان باشتر بووبێ. ئەو خەڵکەی لە دوای شۆڕشی ئێران، لە حیزبەکانی رۆژهەڵات (دێمۆکرات و کۆمەڵە) کۆبوونەوە و چوونە ریزی رێبەریی ئەم حیزبانە، لاو بوون. لە رێبەریی ئەو حیزبانەدا مامۆستای زانکۆ ومامۆستای قوتابخانە و کەسانی سەر بە چینی نێوەڕاست هەبوون. هەر بۆیە لە مەیدانی کردەوەدا دەبینین کە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، دیاردەکان و دابونەریتی دژ بە ژنان، لە لایەن ئەو حیزبانەوە، تا رادەیەک دژایەتییان کرا. کۆمەڵێک بڕیار و یاسا دژ بە ژنبەژنە و گەورە بە بچووک، کچ مارە کردن لەسەر پشتی لانکە و بەشوودانی زۆرەملی هەبووە و کادیران و تێکۆشەرانی حیزبەکان، ئەم یاسا و بڕیارانەیان بەڕێوە بردوە.

بنکە و بارەگای ئەو حیزبانە و بەرپرسان و کاربەدەستانی هێزەکانی نێو بزووتنەوە، زۆرجار لە لایەن کچان و ژنانەوە بە خەمخۆر و پشتیوان سەیریان کراوە و لە بەرامبەر ستەمی کۆمەڵگەی پیاوسالار بە تایبەتی ستەم و نابەرابەریی نێو بنەماڵەدا، پەنایان بۆ بردوون.

دیارە بە هیچ جۆر مەبەستم ئەوە نیە بڵێم ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد «شامی شەریف» بووە و ئیدی ژن لە سایەی دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد لە هەموو ستەم و چەوسانەوە و نابەرابەرییەک رزگاری بووە. دەمەوێ بڵێم ئەو هەوڵانە هەبوون و بەکردەوەش بەڕێوە چوون، بەڵام:

سەرچاوە
Serchawe

یەکەم: لەهەموو ناوچەیەک وەک یەک بەڕێوە نەچوون،

دووهەم: زۆر جار سەبارەت بە هێندێک بەرژەوەندیی ڕێکخراوەیی، بە هاسانی چاوپۆشی لەو گوشار و ستەم و چەوسانەوەیە کراوە کە بە دژی ژنان هەبووە.

سێهەم: هێزەکانی نێو بزووتنەوە لە حاڵی شەڕ وبەربەرەکانێ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی دا بوون و دەسەڵاتێکی سەقامگیریان نەبووە.

چوارەم: نەریت و ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتییەکان هەر بە بڕیار و یاسا، لە نێو ناچن بەڵکوو کاری درێژخایەنی فەرهەنگی و گۆڕینی هەلومەرجی ئابوورییشی دەوێ،

## ڕەهەندی سێهەم:

### جێگەی ژن لە پێکهاتەی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورددا

یەکەم خاڵ کە دەبێ لەم پێوەندییەدا ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە هێزەکانی ڕێکخەر و بەڕێوەبەری بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، زۆر بەکەمی لە شارەکاندا ماونەوە و بە هۆی شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی، ناچار بوون ړووبکەنە گوندەکان و ناوچەی شاخاوی . ئەم ڕاستییە لە دوو بارەوە لە سەر پێکهاتەی حیزبەکان و تەرکیبی هێزی ئینسانیی ئەوان کاریگەر بووە:

* سەختی خەباتەکەیان و توندوتیژ بوونی خەباتەکەیان، مەیدانی لە ژنان تەنگ کردۆتەوە و ئەکتەری سەرەکی و هەرە دیار پیاو بووە.

* چونکە ژینگەی بزووتنەوەکە، لادێ و ناوچەی شاخاوی بووە و، لادێش سوننەتی و داخراو و پیاوسالارترە لە شارەکان، بۆیە کۆسپی جۆراوجۆر لەبەردەم بزووتنەوە هەبووە بۆ دۆزینەوە و دروستکردنی کادری ژن و سەرکردەی ژن. بەو حاڵەش ژنی کورد بە شێوەی جۆراوجۆر بەشداریی هەبووە لە بزووتنەوە بە گشتی و لە کاروباری هێزەکانی نێو بزووتنەوەدا. با ئاماژە بە هێندێک بوار و ئاست بکەین کە ژنان تێیاندا بەشدار بوون:

### بەشداری لە هێزی پێشمەرگەدا

لە باشووری کوردستان هەم لە شۆڕشی ئەیلوول دا، هەم لە شۆڕشی نوێدا، ژن وەک پێشمەرگە زۆر دەگمەن بووە، ژمارەیان زۆر کەم بووە، دەکرێ بڵێین بە ژمارەی پەنجەکانی دەست بوون.



foto: Shafih Rawshani

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێژەی کچان و ژنان لە ریزی پێشمەرگەدا، لە چاو پیاوان کەم بووە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی ژنانی پێشمەرگە لە باشووری کوردستان، جیاوازییەکی زۆر گەورە هەبووە. دەتوانین بڵێین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەدان پێشمەرگەی ژن هەبوون کە شانبەشانی پیاوانی پێشمەرگە لە هەموو چالاکییەکانی پێشمەرگایەتی دا بەشدار بوون.

لە باکووری کوردستانیش لە نێو پارتی کرێکارانی کوردستاندا، زۆریی ودیاریی کچانی پێشمەرگە(گریلا) ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. لەم بارەیەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو ریزی کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتیشدا ژمارەی بەرچاو پێشمەرگە هەبوون، بەڵام کچانی پێشمەرگە لە ریزی کۆمەڵەدا، زۆر زیاتر بوون و پلە و بەرپرسایەتیی نیزامیشیان پێدراوە. لە نێو هەموو ئەو هێزانەدا، ژنانی پێشمەرگە نەک هەر لە کاری پشتی جبهە، لە مەیدانی شەڕ و تێکهەڵچوونی چەکداری دا حوزووریان هەبووە و لێیان شەهید بووە.

### بەشداریی لە ڕێکخستنەکاندا

لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ژنان بە هۆی ستەمی چەندقات کە لێیان دەکرێ( ستەمی نەتەوەیی، چینایەتی و ڕەگەزی) پشتیوان و دڵسۆزی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەیان بوون. بەو هۆیەشەوە کە کاری ڕێکخستن بۆ ئەوان گونجاوتر بووە لە کاری پێشمەرگایەتی، لە ڕێکخست نە نهێنییەکاندا بەشدار بوون. لە لایەکی دیکەوە، بۆ هێندێک کار و ئەرک لە ژێر دەسەڵاتی دوژمندا، لە پیاوان گونجاوتر بوون، بۆیە هێزە سیاسییەکانیش، ئەم لایەنەیان لەبەرچاو بووە. هیچ بەشێکی کوردستان نیە کە بە سەدان کچ و ژن نەچووبنە بەندیخانە و ئەشکەنجە نەکرابن ، لە هێندێک بەشی کوردستانیش بە دەیان کەس لەو کچانە گوللەباران و لە سێدارە دراون. هۆی ئەم چوونە بەندیخانە و ئێعدامانە، کار لە چوارچێوەی ڕێکخستنی هێزە سیاسییەکان و هاوکاریی بزووتنەوەی کورد بووە.

### کارو تێکۆشان لە چوارچێوەی دامەزراو و دەزگاکانی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد دا

ئەگەر هەڵسووڕان لە چوارچێوەی نێو هێزی شەڕکەر و لە هەلومەرجی خەباتی پارتیزانی دا بۆ ژنان بەزەحمەت بووە، ژنان بە تێکۆشان لە دامەزراوە ودەزگاکانی دیکەی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد قەرەبووی ئەو غەیبەتە نەخوازراوەیان کردۆتەوە. ئەوان لە نەخۆشخانەکان و قوتابخانەکانی شۆڕش، لە دامەزراوە فەرهەنگی و فێرکارییەکان و لە ڕاگەیەنەکانی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستاندا، هەم بە ژمارە و هەم بەو کار وئەرکانەی لە ئەستۆیان گرتوە، بەشداری و ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە.

### حزووری ژن لە ڕێبەری و ئاستی بڕیار داندا

لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٢٠ دا، نموونەکانی بەشداری و حزووری ژنان لە ڕێبەریی حیزبەکاندا زۆر کەم بووە. دەتوانین بڵێین ئەگەر یەک دوو ژنیش ڕێگایان کەوتبێتە نێو ڕێبەرایەتیی پارت یا ڕێکخراوێک، لایەنی سەمبولیک و ڕەمزیی هەبووە و، ئەم بەشدارییە هیچ گۆڕانێکی لە ڕوانین و بڕیاری ڕێبەریی پیاوسالاری ئەو حیزب و ڕێکخراوانەدا پێک نەهێناوە. لە ڕاستیدا گرنگیدان بە حوزووری ژنان لە نێو سەرکردایەتیی حیزبە کوردییەکاندا، هی ئەم ساڵانەی دواییە ، نەک هی سەدەی ٢٠. ئەگەرچی حوزووری ژنان لە ڕێبەریی حیزبەکاندا، ئێستاش هەر زۆر کەمە، بەڵام دەتوانین بڵێین لە جارن باشترە.

### سەرپەرستیی بنەماڵە لە غیابی مێرد دا:

گرنگترین و هەر لەو کاتە دا دژوارترین جۆری بەشداریی ژنی کورد لە خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی دا، سەرپەرەستیی بنەماڵە لە غەیابی مێرد دایە. ژن چ ئەو کاتەی مێردەکەی بۆتە پێشمەرگە و خەباتکار و چۆتە شاخ، یا پەڕیوەی وڵاتان بووە، یا کەوتۆتە زیندان، یا لە ڕەوتی خەبات دا گیانی لە دەست داوە، ئەرکی سەرپەرستیی بنەماڵە و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی منداڵەکانی کەوتۆتە ئەستۆ. ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە دەسەڵات و دەست و پێوەندەکانی، زۆرترین کۆسپ و گرفتیان بۆ دروست کردووە. لە ڕاستی دا پیاوانی خەباتکاری کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی، لەم لایەنەوە زۆر قەرزداری ژنانن. بە بێ ئەو ئەرکە قورسەی ژنان لەم پێوەندییە دا گرتوویانەتە ئەستۆ، پیاوان نەیاندەتوانی بە خەیاڵی ئاسوودەوە، خەبات بکەن وتەنانەت بە خەیاڵی ئاسوودەوە بەرەومەرگ بچن.

سەرچاوە
Serchawe

ئەنجام:

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیست دا، لە باری تیئۆری و فکرییەوەو، هەروەها لە پەسەندکراو وئەدەبیاتی خۆیدا، بایەخی بە ژن داوە و دانی بە پرسی ژندا ناوە، ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانیشی پێک هێناوە. بەڵام بەهۆی جۆراوجۆر بەکردەوە، کاری گەورە و گرنگی بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ستەم و چەوسانەوەی ژنان، لە دەست نەهاتوە.



بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، زیاتر لە هەوڵی ڕاکێشانی پشتیوانیی ژنان بۆ لای خۆی و بەشدارکردنیان لە خەباتی نەتەوەیی دا بووە.

ژنان جگە لەوەی بە کردەوە لە خەبات و تێکۆشانی هێزە کوردییەکاندا، سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپەکان بەشدار بوون، وەکوو بەشێکیش لە خەڵک، لە هاوکاریی جۆراوجۆر لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی سیاسی کورد دریغیان نەکردوە و لە حەرەکەتە جەماوەرییەکانیشدا، دژی داگیرکەران، شانبەشانی پیاوان بەشدار بوون. بەڵام لە ئاستی ڕێبەریی و بڕیاردانی هێزەکوردییەکاندا، کەمترین جێگایان هەبووە.

کاتی ئەوە هاتوە ژنان لە هەوڵی بەدەستهێنانی جێگەو پێگەی باشتر بۆخۆیان لە نێو بزووتنەوەی کورد دا بن لە هەموو بوار و ئاستەکاندا. بەڵام نابێ هەموو تواناى خۆیان تەنیا بۆ خەباتی نەتەوەیی، ئەویش لە چوارچێوەی حیزبەکاندا سنووردار بکەن، بەڵکوو پێویستە سنووره حیزبی و ڕێکخراوەییەکان ببەزێنن و بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەستراوەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی، وەکوو ژن بۆ بەرەوپێش بردنی پرسی ژن لە کۆمەڵگەدا، هاوکاری یەکتر بکەن.

ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە سەر بزووتنەوەی نەتەوەیی و هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان، دەبێ دەرکی ئەو ڕاستییە بکەن کە ئەگەر بەرامبەر بە پرسی ژنان و ویست و مافەکانیان کەمترخەم بن، گەورەترین زیان بە خۆیان دەگەیەنن. چونکە خۆیان لە پشتیوانیی هێزێکی کۆمەڵایەتی گەورە بێبەش دەکەن . دەبێ نەک هەر دان بە پرسی ژن و ڕەوایی ماف و ئازادییەکانیان دا بنێن ، بەڵکوو پێویستە هێزی ژنان و پرسی ژنان و داواکانی ژنان لە مەسەلەکانی خۆیان هەڵناوێرن و نەیانخەنە پەراوێزی هیچ پرسێکی دیکە.


* ئەم بابەتە لە یەکەم کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ڕۆژەکانی ٢١ و ٢٢ی ئاوریل لە سلێمانی پێشکەش کراوە

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان کورد ٢٢ ی مای ٢٠١١

*************************************************************************

# حوسێن حوزنی موکریانی کییە..؟!

مێژوونووس و ڕۆژنامەگەریی لێهاتووی کورد ناوی تەواوی "سەید حوسێنی کوڕی سەید عەبدوللەتیفی کوڕی شێخ ئیسماعیل"ەو لەساڵی ١٨٩٣ دا لەشاری مەهاباد چاوی ژیانی هەڵهێناوە و هەر لەمنداڵییەوەنیشانەی بەهرەو بلیمەتی لێ بەدی کراوەو سەودای کورد پەروەریی بووە.




لەتەمەنی ١٢ ساڵیدا کەس و کاری خۆی و مەهابادی بەجێهێشتووە ڕووی کردۆتەمەراغەو تەورێز و یەریڤان و ١٢ ساڵیش بەبەرگی ئەفغانی هەموو کوردستان و هەندەران گەڕاوە بۆ کۆکردنەوەی مێژووی کورد و تۆمارکردنی و یەکەمین کەس بووەبایەخی تایبەتی دابێ بەنووسینی مێژووی کورد بەزمانی کوردی.

حوزنی لەهەموو چەشنە زانیارییەک دەداو، لەمێژوو، وێژە، ڕۆژنامەگەریی، مۆرهەڵکەنی، وێنەگری و خۆشنووسی و کلێشەی وێنەهەڵکەندن لەدار. بۆیەدەبینین گەلێک بەرهەمی وێژەی و مێژوویی داناوەو چاپی کردوون و تا خۆی لەژیاندا بووە لە نێوانی ١٩٢٥ تاکو ١٩٤٧ هەژدە پەرتووکی بەنرخی چاپکردووە کە زۆربەیان لەسەر مێژووی کورد و کوردستان و بایەخی زانیاری خۆیان هەیە.

لەناو کورد دا یەکەمین کەس بووە چاپخانەی بۆ بەرژەوەندی زمان و مێژووی و وێژەی کوردی دامەزراندووە و لەساڵی ١٩١٥دا لەشاری "حەڵەب"ی داناوە و لەدوایی دا لەساڵی ١٩٢٥دا گواستوویەتییەو بۆ کوردستانی باشوور و لەشاری ڕەواندزی داناوە و لەساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٢دا گۆڤاری "زاری کرمانجی" پێ چاپکردووە و لەو ماوەیەدا ٢٤ ژمارەی پێەوی لێ بڵاو کردۆتەوەو لەساڵانی ١٩٣٥ و ١٩٣٦شدا لەشاری هەولێر لەگەڵ پارێزەر شێخ مستەفا گۆڤاری ڕووناکی دەرچوواندووە و لەساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٧یشدا گۆڤار و ڕۆژنامەی (دەنگی گێتی تازە)ی بەهاوکاریکردنی لەگەڵ مامۆستایان تۆفیق وەهبی و حەسەنی شێخ حەمەمارف لەشاری بەغدای پایتەختی ئێراق دەرچوواندووە و گەلێک و تاری مێژووی و کۆمەڵایەتی و دەقی وێژەی فولکلۆری کوردی لەو گۆڤار و ڕۆژنامەیە دا بڵاوکردۆتەوە و دوای گەیاندنی خزمەتێکی زۆری زمان و کلتوور و مێژووی کورد و ڕۆژنامەگەریی لەڕۆژی ٢٠ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٧دا لەبەغدا کۆچی دوایی کردووەو تەرمەکەی هاتۆتەوەشاری هەولێر و لەگۆڕستانی ئیمان محەمەد بەڕێزێکی زۆرەوەنێژراوە.

هەندێک لەو پەرتوکانەی کەحوزنی لەسەر مێژووی کوردی نوسیونی ئەمانەن :

* مێرگەی دڵان

* خونچەی بەهارستان
* پێشکەوتن
* ئاورێکی پاشەوە
* میرانی سۆران
* کوردستانی موکوریان
* بەکورتی هەڵکەوتی دێریکی
* لاپەڕەیەک لەدێریکی کوردستانی موکوری
* ناودارانی کورد

حوزنی گەلێک ڕوپەڕی گۆڤار و ڕۆژنامەو بەگەلێک نامێلکەی هێژا خزمەتی زۆری وێژەو مێژووی کورد کردوە.

سەرجاوە : ماڵپەری خۆزگە

*********************************************

## حوسێن حوزنی موکریانی لە زمان مومتاز حەیدەری :



ئەو منداڵە بوزورگە بوو، کەچاوی بەدیمەنە جوانەکانی ( سابڵاخی موکریان) لە باوەشی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی داگیراو، لەخێزانێکی ئاسایی هەڵهێناوە و وەک ئەستێرەیەکی زێدەگەش، لەشەوی تاریکیی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی نەخوێندەواری و ڕۆشنبیری و ڕەوشی ئاڵۆزیی نەتەوەی کورد درەوشاوەتەوە. هاوکات ، مێشکە گەورەکەیشی بەخوێندنی مزگەوتەکانی کوردستان و مەڵبەندی زانیاری و ڕۆشنبیرییەکانی رووسیا ، ئەستەموڵ ، پاریس ، سوریاو هیدیکە زاخاو دراوە ، واتا ئەو هۆکارانەش، زانیاری و زانست و هونەرو تاقیکردنەوەیەکی زۆری کەم وێنەی بەم مرۆڤە خاوەن بەهرەیەکی هەمەجۆرو ژیر بەخشیوون ، کە لەئەنجامەکەیدا نەک تەنیا بۆتە چرایەکی زێدە گەش، بگرە سورەیایەکی حەفت تیشکی زێدە ڕۆناک و گەشی مەیدانی دۆزینەوە و تۆمارکردنی بەشێکی ڕابردووی دێرین و ونکراوی کلتوورو مێژووی ڕەسەنی کورد، کەواتە ئەو مرۆڤە ،هەر بەگەورەیی لەدایکبووە، بۆیەش پاشدان، ئەو مێردمنداڵە بەگەورەیی و دووربینی سەیری دەورو بەری خۆی کردووە و ڕەوشی زێدە دژواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و نەتەوەیی و سیاسی کردووە، لەوەش زیاترو گرنگتر بیری لەچارەسەرکردنی ئەو ڕەوشە نالەبارەی هەمەلایەنی کورد کردۆتەوە، بۆیەکە هەرزوو لەهەرەتی لاویەوە، بەدوای ڕاستییەکان گەڕاوە، وەک باڵندەیەکی تێنوو و تەنگەتاوکراو لەشەقەی باڵا داوەو وێڵا و عەوادڵاو سەرگردانی خوێندن و خوێندنەوەی وشەی ڕەسەنی زمانەکەی و بیری کوردایەتی بووە ، جا هەوارگە جۆر بەجۆرەکانی ئەم شارو ئەوشار، ئەو وڵات و ئەم وڵات بووە..!! هەڵبەت پاش گەڕان و سوڕانێکی زۆر دوا قۆناغ شاری مەککە جێدێڵی ، خۆی لەوڵاتی شامی پەروەردەی دەوڵەتی فەڕەنسی ، وڵاتی پیشەسازی و ڕۆشنبیری ، مەڵبەندی ( عەبدولرەحمان کەواکبی ) وەک شارەزایەک لەمەیدانی خوێندەواری و گرنگی چاپ و کتێب دەدۆزێتەوە و لەشاری حەلەب جێگیر دەبی . دیارە، بەگشتی بەپێی ئاستی ئەو سەردەمەی ژیانی شارستانی و پێشکەوتنی کوردستان و ناوچەکە، حوزنی زۆر پێش قۆناغی خۆی کەوتووە، ئەگەر وانەبووبێ چۆن، لەو سەردەمەدا، لاوێکی دەست کورتی دەربەدەری کورد لەهەندەران بیر لەدامەزراندنی چاپخانە و چاپکردن و نووسینی مێژوویی و ڕۆشنبیری بکات ؟!؟ دیارە ، ئەوە بەڵگەو نیشانەیەکی بەهێزی مێشکێکی گەورە و گیانێکی ڕاپەڕیوو بیرێکی نەتەوەیی ئەو گەورە مرۆڤە بووە.. لێرەدا بۆ زیاتر سەلماندن لەمەڕ گەورەییەکەیدا پێش ئەوەی بەپەلە باسی چەند نموونەیەک لەشاکارەکانی بکەین سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم، کەژمارەیەک گەورە ڕۆشنبیرو نووسەری ناسراو، لەڕێگەی نووسینەکانییانەوە بلیمەتی و گەورەیی حوزنی دووپات دەکەن، خودی بەرهەمەکانی حوزنی سەرچاوەکانیانن، شایانی باسە بۆ یەکەم جار گەورە پیاوێکی بیانی، ئەندازیارو ڕۆشنبیرێکی ئینگلیزی: (ئەی. ئێم. هاملتۆن) ، لەبارەی گەورەیی و زانایی حوزنییەوە لەکتێبە بەناوبانگەکەی (گریق فی کوردستان) ڕێگا لە کوردستان کەبەناوی ڕێگای هاملتۆن ناسراوە. ئەوگەورە پیاوەی ئینگلیز: هاملتۆن، زۆر ڕاستگۆییانە باسی دەکات: جارێ، پێش هەمووشتێ، بەگشتی ئەو چەند دێرە نووسینە کە هاملتۆن نووسیویەتی: ژمارەیەک ئاماژەو هێمای تێدایە ، زۆر بەهێزن ، ڕۆشنن لەمەڕ تواناو ئاستی بەرزی ڕۆشنبیریو گیانی نەتەوەپەروەرییەکەی حوزنییەوە ، واتا زۆر بەڕۆشنی دەخوێندرێتەوە .

ئەگەر بە وردییش ئەو زاراوەو دەستەواژانەی لەم چەند دێرە کەمەدا هاتوون بەجیا شیبکەینەوە کە هاملتۆن بۆحوزنی بەکاری هێناوە، ئەوە خوێنەر، لەمەڕ گەورەییەکەی حوزنی سەری سوڕدەمێنێ.. بۆ نموونە : لەسەرەتاوە،هاملتۆن ناوی حوزنی بە (حوزنی ئەفەندی) دەبات، جا ئەو زاراوەیە نیشانەی ئەوە بووە ، کەخاوەنەکەی خوێندەوارێکی دیار بووە، یان مامۆستایەکیگەورە یاخود فەرمانبەرێکی دیاری ئەوسەردەمە، هەڵبەت لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی ئەم زاراوەیان بۆ فەرمانبەرە گەورەکان بەکاریان هێناوە، کەچی حوزنی نەفەرامبەر، نەمامۆستا بووە، نموونەی دووەم هاملتۆن دەڵێت (المؤرخ الكوردی) مێژوونووسی کورد.. هتد.. ئەوە مانای ئەوەیە، ئەوکات حوزنی لەئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری بووە و لەئەنجامی نووسینی مێژووییدا هاملتۆن بەدڵنیاییەوە ناوی حوزنی بە (مێژوونووسی کورد) ببات، ئەو ناز ناوە (مێژوونووس ) گەلێک گەورەیە، بەئاسانی مرۆڤ بەدەستی ناهێنی،دیارە هاوکات هاملتۆن زۆر چاک لەبەرهەمە مێژووییەکانی حوزنی ئاگادار بووە ئەوجا پێی گوتووە (مێژوونووسی کورد) ـە ، لەبارەی گرنگیی ئەشکەوتەکەوە هاملتۆن دەڵێت: حوزنی بەخۆی نەیدەیووە، بەڵامسەرچاوەکانی لای خۆی واتا بەپێی ئەو کتێبانەی لایەنی ئەوزانیارییانە لەبارەی ئەشکەوتەکەوە دەستیکەوتوون یان باسی جوانی ماڵاو باخچەکەی دەکات کە ئەو سەردەمە لەڕەواندز ئەو شێوەیە نەبووە،بەڵکو بەخۆی وای دروست کردووە، ئەمەشیان نیشانەیەکی دیکەی ئاست بەرزی شارستانییەتی حوزنی دەنوێنی.. پاشان هاملتۆن دەڵێت: حوزنی تەنیا مێژوونووس نەبوو،

بەڵکو ڕۆژنامەنووس و خاوەن ڕۆژنامەش بوو، لەبارەی چۆنیەتی و ئامادەکردنی بابەتو بەچاپ گەیاندنی (زاری کرمانجی) یش ئەوە هاملتۆن یەکەم کەسە زانیاری وا وردی ئاشکرا کردووە تەنانەت کە ناوی زاری کرمانجی لەسەر تابلۆی مادەی سفر هەڵکەنراوەو بەدەرگای ماڵەکەیدا هەڵیواسیوە ئەوەش نیشانەیەکی دیکەی پێشکەوتنی حوزنی دووپات دەکاتەوە . هەر لێرەدا واتا لەم چەند دێڕەدا هاملتۆن دەڵێت: سەر وتارە ئاگرینەکانی ڕۆژنامەکە لەبارەی نەهامەتیی کوردەوە بووە. حوزنی هەربەخۆی دەینووسی،ئەوەش نیشانەی ئەوەیە حوزنی نووسەرێکی سیاسیی گەرەوەو کورد پەروەرێکی ڕاستگۆی ئەوسەردەمە بووە.. بۆیەش هاملتۆن دەڵێت: ناوەناوە ڕۆژنامەکەی لەلایەن فەرمانڕەوایانی بەغدا دادەخرا، لەوەش خۆشتر هاملتۆن دەڵێت: لەهەر ژمارەیەک لەزاری کرمانجی دانەیەکی بۆ نوێنەری بەرزی بەریتانیاو کۆمەڵەی میللەتان لەجنێف ڕەوانی دەکرد..؟!؟ ئەمە کارێکی دەگمەن بووە، قەڵەم لە ئاستیدا کڕنۆش بۆ حوزنی دەبات.

سەرچاوە Serchawe

جارێکی دیکەش دەڵێم ئەم چەند دێڕە نووسینەی هاملتۆن بەڵگەونیشانەیەکی ئێجگار بەهێزن راستی و دروستی راو بۆچوونەکانی من لەبارەی ئەو گەورە پیاوە دەسەلمێنن. هاوکات مێژوونوسی گەورەی کورد (د.کەمال مەزهەر) لەکتێبە بەنرخەکەیدا (تێگەیشتنی راستی) بۆ سەلماندنی گەورەیی و لێهاتوویی حوزنی موکریانی پەنا بۆ (ئەی . ئێم. هاملتون) دەبات، لێرەدا (د. کەمال) ناوی حوزنی بەرووناکبیری، کورد دەبات لەسەر زمانی هاملتۆن دەڵێت: ( موکریانی- خۆی بەتەنها وتارەکانی گۆڤارەکەی دەنووسی، خۆی بەتەنها وێنەکانی دەکێشان، خۆی بەتەنها لەچاپی دەدان‌و ئینجا دەشیپێچایەوە، ئەمە خۆی نموونەیەکی بێ هاوتایە لەسەر رووی زەمین) (١).

لێرە دا تەنها بۆیەک رستە سەرنجتان رادەکێشم، کە چەند مایەی سەرنجێکی گەورەیە، چونکە خودی زانیارییەکە لەبارەی حوزنی و گۆڤارەکە ئەوە زۆر رۆشنە، بەڵام کە دەڵێت: (ئەمە بۆخۆی نموونەیەکی بێ هاوتایە لەسەر رووی زەمین)، بەڵێ گەورە پیاوێکی دنیادیتەی بیانی کە لەئەورووپا ئاگاداری زۆر زۆر شت بووە ، یەکی وەکو هاملتۆن، ئەوە حوکمێکی رەهایە لەمەر گەورەیی حوزنی، کە تاکە نموونەی سەر رووی زەمین بێ..!! هەر لەم بووارە دا بۆ زیاتر سەلماندنی گەورەیی و کەم وێنەیی- تاکە نموونەی سەر زەمین – حوزنی، ناوی ئەو نووسەرو رۆشنبیرە ناسراوەی کوردان ، تەنها وەک نموونەی باوەڕ پێکراو دێنمەوە، واتنا جگە لەهاملتۆن و هیدیکەی بیانی و د. کەمال مەزهەر، ئەوە ( شەهیدی نەمر، شاکر فەتاح، عەلائەدین سەجادی ،سەعید ناکام ، دکتۆر مارف خەزنەدار، شەهید جەبار جەباری، مامۆستا مستەفا نەریمان، دکتۆرە کوردستان موکریانی، مامۆستا عەبدوڵلا زەنگەنە، د. فەرهاد پیربال، مامۆستا حەمە صالح فەرهادی، مامۆستا کەریم شارەزا، دکتۆرە رەمزیە سابیر مامۆستا محمود زامدار، ئەحمەد شەریف، مامۆستا جەمال خەزنەدار. دکتۆرە شوکریە رسوڵ ) و هیدیکە، بەندەش تائێستا سێ لێکۆڵینەوەی بڵاوکردۆتەوە، هەڵبەت ئەونووسەرو رۆشنبیرە ناسراوانەی کوردستان، هەر هەموویان بەگشتی دەوری گرنگیی کلتووری و بەرهەمەکانی حوزنی زۆر بەرز دەنرخێنن و بەبەشێکی زیندووی کلتووری کوردی دەزانن . دیسان هەر لەمیحرابی گەورەیی حوزنیدا بۆ زیاتر سەلماندن ئەوەتە بەگوێرەی ببلیۆگرافییای کتێبی کوردیی مامۆستا مستەفا نەریمان (١٧ ) کتێبی بەقەوارەی (١٨٨٧ ) لاپەڕە بەچاپ گەیشتووە، هەروەها (٦) کتێبیش لە دەزگای زاری کرمانجی دەرچووە، بێگومان بەلای منەوە لەوە زیاترن، هەروەها بەسەدان لاپەڕەی دەتسنووسی لەپاش ماوەتەوەو بەچاپ نەگەیشتوون.

بۆ زیاتر دووپات کردنەوەی ئەم راستیانە پشت بەدەقی ئەو دوو لاپەڕەی دوایی کتێبی (خونچەی بەهارستان) دەبەستم کەساڵی (١٩٢٥ ) لەحەلەب بەچاپ گەیشتووە زیاتر لە (٢٥٠٠ ) دووهەزارو پێنج سەد لاپەڕەی دەستنووسی ئامادە کردووە لەگەڵ سەدان وێنەی هەمەڕەنگی پێویست.. هتد..!!

دیارە، پیاوی گەورە، مرۆی مەزن، رۆشنبیری ناودار هەردەم لەگەڵ هاوشێوەکانی خۆی زوو پردێک دروست دەکات، ئەوەتا حوزنی موکریانی لەئەنجامی لێهاتوویی و چالاکیی بەرچاو، لەگەڵ گەورە پیاوانی بیانی بەتایبەتی ئەورویی پەیوەندی دروست کردووە، ئەوەتا، ئەی . ئێم . هەمەلتۆن، جگە لەکتێبەکەیدا لەچەند شوێن بەگەورەیی باسی دەکات، وێنەیەکی حوزنی موکریانی لەگەڵ ( رسێر فرانسس هەمفریز ) نوێنەری بەرزی حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی لەعێراقدا هەروەها ئیسماعیل بەگی رەواندزی بڵاوکردۆتەوە، وێنەکە لە مەڵبەندی چێشتخانەی سوپای لیڤی لەدیانا لەساڵی (١٩٣٢ ) وەرگیراوە، هاوکات بەپێی سەرچاوەی بنەماڵەکەی حوزنی بەدەیان نامە لەدەرەوەی کوردستان بەتایبەتی لە ئەورووپاوە هاتوون.. هەڵبەت ئەوانەش هەر هەموویان دەچنە خانەی شوێن و پایەی بەرزی حوزنی موکریانییەوە، لێرەدا لەبەر کەمیی دەرفەتەکە بەشی یەکەمی بابەتەکەم کۆتایی پێدێنم، هیوام وایە بەو چەند لاپەڕەی ئەو کورتە نووسینە، ئەوە بسەلمێنم کەحوزنی موکریانی گەورە مرۆیەکی کورد بووە.


ماڵپەری : کوردستان ٢١

======================================================================

# مێژووی شاری هەولێر

لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

هەولێر (بە عەرەبی: أربيل) شارێکی دێرینی کوردستانە کە ئێستا ناوەندی پارێزگای هەولێر و پایتەختی هەرێمی کوردستانە. شاری هەولێر بە یەکێک لە کۆنترین شارەکانی جیهان دەژمێردرێت کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٥٠٠٠ ساڵی پێش زایین. لە نووسراوەکانی پادشای سۆمەری، سۆلکی ناونراوە بە ئوربیلم، وە لە نووسراوەکانی بابلی و ئاشوری بە ئەربائیلو ناودەبرا، کە بە مانای چوار خواوەند دەهات، لە سەردەمی بابلی شوێنی پەرستنی عەشتار بووە.



لە هێڵکارییەکی خەتی بزماری ناسراو بوو بە (آی کشان کلاما) واتە (ماڵی سەیدە اقلیم)، وە هەروەها پەرستگایەک بوو بۆ پادشای ئاشورییەکان کە پەیکەرێکی پادشای پانیپاڵ و پەیکەری خواوەندی عەشتار کە لە برۆنز دروست کرابوو دۆزراوەتەوە.

بەهۆی گرنگی ئەم شارە، پادشای ئاشوری، سەنحاریب هەستا بە پەنگاوکردن (خزن)ی ئاو لە تونێلی دروستکراو بە بەردی مەرمەڕ، کە لە گوندی مورتکە دەست پێدەکات تا دەگاتە هەولێر، کە درێژی ئەم تونێلە ٢٢ کیلۆمەترە لەژێر زەوی هەڵکشاوە، لەبەر دەرکی ئەم تونێلە سەنحارێب بەردێکی هەڵکەندراوی بەجێ هێشتووە و لەسەری نووسراوە (من سەنحاریبم، پادشای ئاشوری، هەستاوم بە دروستکردنی سێ جۆگەی ئاوی لە چیای خانی بۆ شاری سەیدە جوانەکە...).

## جوگرافیا

پارکی شار، لەبەردەم قەڵای هەولێردا

شاری هەولێر دەکەوێتە ناوەراستی کوردستانی عێراق. شوێنێکی گرنگ بووە لە کۆنەوە تا ئێستا. زۆربەی ناوچەکانی زەوی بە پیتە بۆ کشت وکاڵ و ئاودێری دەست دەدات. کەشوهەوایەکی چواروەرزەی هەیە. هاوینی گەرم و زستانی سارد.

## مێژووی کۆنی هەولێر

سەرچاوە Serchawe

مەزندەکان بۆ ئەوە دەچن هەولێر لە سنووری (٦٠٠٠) ساڵ بەر لە زایینەوە نشینگەیەکی ئاوەدان بووبێ تا ئەمرۆش هەر بەردەوامە. - لە ساڵەکانی (٢٣٧١ - ٢٣١٦ پ.ز) وبە مەبەستی دەست بەسەرداگرتنی داهات و فرە سامانێتی دەڤەرەکە، پەلاماری هێرشەکانی سەرگۆنی ئەکەدی گەیشتوونەتە هەولێر و دەستی بەسەرداگیراوە.



* لەساڵانی (٢١٥٠ - ٢٠٥٠ پ.ز) بووە بە بنکەیەکی سەرەکی لە دەوڵەتی گووتییەکان کە لە نەتەوە دێرینەکانی زاگرۆسن.

* لە ساڵانی (٢٠٥٠ - ١٩٥٠ پ.ز) کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی خانەوادەی سێهەمی ئیمپراتۆریەتی ئووری سۆمەرییەوە.

* لەساڵی ( ١٦٠٠پ.ز) و دواتر کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی کاشییەکانەوە، کە مەزەندە وایە لە هۆزە دێرینەکانی کورد بووبن.

* هاوکات دەوڵەتی ئاشووریش لە باکوور دامەزرا و چەند هۆزێکی تری وەکومیتانی و خۆرییەکان دەسەڵاتیان لەو ناوەدا پەیدا کرد لە ناوچەکانی ئاشوور و هەولێر و کەرکووک لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی میتانییەکاندا بوون.

* لە رۆژگاری فەرمانرەوایی ئاشوورییەکانەوە لە ( ٢٥٠٠ - ٦١٢ پ.ز) هەولێر لە ئەوپەڕی گەشەسەندن و پێشکەوتنی دابوو، ئەوکاتە پایتەختی ئایینی ئاشوورییەکان و تەختی خوداوەندی عەشتار (عەشتار ئەربیلا) پەرستگای ئاشوورییەکان بووە، ناوی هەولێر لە نووسراوە مێخیەکانەوە بە شێوەی (ئی- کشان - کلاما) هاتووە کە دەکاتە (ماڵی خانمەکەی هەرێم) کە سەرچاوە و هێمای سەرکەوتن بووە و (عەشتاری نەینەوا)ش خوداوەندی ئەڤین و رابواردن بووە.



* ساڵانی (٧٠٥- ٦٨١ پ.ز) , لە دوای سەرگونی ئەکەدی سەنحاریبی کوڕی بووە بە فەرمانڕەوا، ئەو پادشایە لە دووری (٢٠ ) کیلۆمەترەوە لە ڕووباری بەستۆڕەوە ئاوی بۆ شارو قەڵای هەولێر راکێشاوە، کە بە جۆگەی سەنحاریب ناسراوە و بۆ ئەو سەردەم کارێکی دەگمەن و مەزن بووە.

* ساڵی (٦١٢ پ. ز) ئیمپراتۆریەتی میدیا دامەزرا و هەولێریش کەوتە نێو ئەو ئیمپراتۆرییەتەوە و بووە بە بەشێک لە بنکە و ناوەندی دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆرییە.

* دوای ئەمە هەولێر بووە بە بەشێک لە دەوڵەتی هەخامەنشی (هەخامەنی).

* لە ساڵی (٣٣١ پ ز) و بە فەرماندەی ئەسکەندەری مەکدۆنی و لە شەڕی (ئەربیلا) ئیمپراتۆریەتی یۆنانی بەسەر هەخامەنییەکان زاڵبوون و هەولێر بووە بەشێک لە مولکەکانی ئەو ئیمپراتۆرییەتە.

* لە پاش مردنی ئەسکەندەر لە ساڵی ( ٣٢٣ - پ.ز) لە شاری بابل، هەولێر (تێکڕای عێراق و سووریا)ش کەوتنە ژێر دەسەڵاتی (سلۆقس) کە یەکێک بووە لە فەرماندەکانی ئەسکەندەر، ئەم فەرمانڕەوایە هەولێری زۆر ئاوەدانکردۆتەوە و خزمەتی کردووە.

* لە ساڵانی (١٤٨ .پ.ز - ٢٢٦ز) فارسەکان توانیان بەسەر سلوقییەکاندا زاڵ بن کە بەر لەوکاتە حوکمڕانی هەولێر بوون، ئەم فارسانە دەوڵەتێکی فیدراڵییان دامەزراند کە لە چەند میرنشینێک پێکهاتبوو وەک میرنشییینەکانی (رەها, تەدمور, شنگار, حەزەر, دواتریش حەدیاب)، هەولێر گرنگترینی شارەکانی میرنشینی حەدیاب بووە. ئەم میرنشینە (لە نێوان هەردوو زێی گەورە و گچکە دامەزراوە) میرەکەی (ئیزات) بووە، لە میرە بە ناو و مەزنەکانی فارسان بووە، مافی لەسەرکردنی تاجی بەرز و خەوتنی نێو چوار پایەی زێڕینی هەبووە، ئەم پلە و پایەی بە خەڵات پێدرابوو لەلایەن پادشا (ئورتەبانی سێیەم), کە هاوکاریی بووە بۆ گەیشتن بە تەختی پادشایی.

* ساڵی ( ٨٣ پ.ز) و بۆ ماوەی (١٠ ) ساڵێک لە رۆژگاری (نیگران شا)ی ئەرمەنی هەولێر کەوتە ژێر رکێفی سوپای ئەرمەنەوە.

* لە دوای چەن پەلامار و هێرشێکی رۆمانەکان و بەناوبانگترینیان هێرشی پادشا (کەراکولا) بوو ساڵی (٢١٦٧ ز) هەولێر داگیرکراو، فارسەکانی وەدەرناو لە ناوی بردوون، ئەو پادشایە ستەمکارە ئەوەندە دڵڕەق بوو گۆڕی میر وپادشاکانی فارسەکانیشی هەڵتەکاندوون، ساڵی (٢٢٦ ز) لە رۆژگاری (شا ئەردە شێر)ی ساسانی، لە مەدائینەوە پەلاماری هەلێر دراو،

## هەولێر

کەوتە ژێر دەسەڵاتی ساسانییەکان و پەرستگای ئایینی زەردەشتیی لێ درووستکرا، هەندێ لە پادشاکانی ساسانی جەور و ستەمیان دەرهەق بە گاور و فەلەکان کردوون، لە دوایین ساڵەکانی فەرمانڕەوایی ئەم دەوڵەتە، هەولێر و زۆربەی ناوچەکانی دەوروبەر گۆڕەپانی شەڕ و پێکداداني توند و خوێناوی بوون، تا هەڵکەوتنی بانگی پیرۆزی ئیسلام.

* ساڵی (٦١٢ ز) لەترسی پەلاماری سوپای ئیسلام، ساسانییەکان مەدائین و هەولێر و زۆربەی ناوچەکەیان جێهێشتن.

* ساڵی (١٦ی کۆچی) و لە رۆژگاری (خەلیفە) جێنشین (عومەری کوڕی خەتاب) بە فەرماندەی (عوقبەی کوڕی فەرقەد) لەشکری ئیسلام گەیشتە ئەو هەرێمە و هەولێر و نەینەوا و زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی دەوروبەر کەوتنە ژێر ئاڵای دەوڵەتی ئیسلام.

* ساڵی (١٣٢ی کۆچی) و لە نزیک هەولێر و لەشەڕی (زاب)ی یەکلاکەرەوە، عەباسییەکان سەرکەوتن بەسەر ئەمەویەکاندا و هەولێر کەوتە ژێر فەرمانڕەوایی عەباسییەکانەوە.

* لە رۆژگاری دەسەڵاتدارێتی بوەیهییەکان لە بەغدا (٣٣٣– ٤٤٧ ی کۆچی) کوردە هەزبانییەکان توانیان میرنشینێکی بەدەسەڵات لە هەولێر دابمەزرێنن، هەولێر لەم سەردەمەدا پێگە و بایەخی شایستەی خۆی وەرگرتەوە و پەیوەندی دۆستایەتی و ئاڵوێری بازرگانیی پتەوی لەگەڵ میرنشینەکانی حەمدانیەکان و عوقڵییەکاندا لە موسڵ و شام هەبوون.

* ئەم میرنشینە درێژەی کێشا تا هەڵکەوتنی (عیمادەدینی زەنگی) لە موسڵ لە ساڵی (٥٢١ ی کۆچی) کە توانی کۆتایی بەم میرنشینە بهێنێت و تەواوی ناوچەکەی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

* ساڵی (٥٣٩ ی کۆچی /١١٤٤ ی زایینی) زێنەدینی عەلی کوچک کوڕی بەکتەکین کە فەرمانداری قەڵای موسڵ بوو لە سایەی عیمادەدینی زەنگی، توانی میرنشینێکی سەربەخۆ لە هەولێرو دەوروبەریدا دابمەزرێنێت و بە میرنشینی بە کتیکی ناسرا.

* ساڵی (٥٦٣ ی کۆچی / ١١٦٨ی زایینی) زێنەدین عەلی کوچک کۆچی دوایی کردو کوڕە بچووکەکەی (زێنەدین یوسف) دەسەڵاتی وەرگرت، پاشتر لە ساڵی (٥٦٨ی کۆچی / ١١٩٠ی زایینی) مزەفەرەدینی گورگە بۆری کوکبری برای بوو بە فەرمانڕەوای میرنشینی هەولێر، لە سایەی حوکمڕانی میر مزەفەری ئەتابەگ میرنشینی هەولێر بوو بە بەهێزترین و ناودارترینی میرنشینەکانی ئیسلامی و ئەو پەڕی پێشکەوتن و گەشەی زانستی و ئاوەدانی و دەسەڵاتی هەبوو، ماوەی حوکمڕانیەتی لە نێوان (٥٨٦ ک – ٦٣٠ ک / ١١٩٠ز – ١٢٣٣ ز) درێژەی کێشا، مزەفەرەدین

سەرچاوە
Serchawe

بەیعەتی دا بە پێشەوای کوردیی سەلاحەدینی ئەیوبی و پتر لێی نزیک بۆوە بە خواستنی (ڕەبیعە خاتوون)ی خوشکی سەلاحەدین، لە ڕۆژگاری شا موزەفەردەین فەرمانداریێتی میرنشینی هەولێر گەیشتە ئەوپەڕی هێز و دەسەڵات و تەواوی ناوچەی شارەزوور کەوتنە نێو دەسەڵاتی ئەو میرنشینە کە هەر لە زێی گەورەوە تا سلێمانی و داقوق دەگرێتەوە. سوڵتان موزەفەر پیاوێکی خێرخواز و زانست پەروەر و دادپەروەرێکی لە خواترس وخزمەتکاربووە، لە ڕۆژگاری ئەودا یادە ئاهەنگەکانی مەولوودی پێغەمبەر کراوە و شەوانە تا بەرەبەیان چراخان هەڵکراون و ئاهەنگ و خێروشادی بەردەوام بووە، هەولێر بووە بە رووگەی زانا و دانا و هزرەوان و پیاوانی زانست و فەلسەفە و مێژووناسان و دەیان فێرگە و قوتابخانە و فەرمانگەی خزمەتگوزاری و چاودێری کۆمەڵایەتی لەو شارەدا کراوەتەوە, خزمەتێکی زۆری هەولێر کراوە و ئەو پەڕی ئاوەدانی و پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە ,هەولێر لەو رۆژگارە دا لە چەرخی زێڕینیدا بووە. دیارترین شوێنەوارەکانی ئەو سەردەم منارەی چۆلی و قوتابخانەی موزەفەرییە و بازارگاکانی قەیساریەی هەولێرن.

* دوای وەفاتی سوڵتان موزەفەرەدین لەساڵی (٦٣٠ی کۆچی/ ١٢٣٣ی زایینی) میرنشینی هەولێر چووەوە ژێر سایەی خەلیفە موستەنسیر بیلالی عەباسی و لەساڵی (١٢٣٥ی زایینی) لەشکرێکی بە فەرماندەیی (ئەبوفەزیل ئیقبالیشەڕابی) ناردە سەر هەولێر و داگیری کرد.



* هەولێر لە رۆژگاری موزەفەردەین و لە دوای وەفاتیشی دوچاری پەلاماری مەغۆلەکان بووە و خۆڕاگرانە لە بەرامبەر ئەو دوو پەلامارەدا خەڵکی هەولێر وەستاون و داکۆکی جوامێرانەیان لە شارەکە کردووە و نەبەزیون، هەر بۆیەش هەولێر بە شاری هۆلاکۆ بەزێن ناسراوە.

* دواتر لە دوای رووخانی دەوڵەتی عەباسی بەدەست مەغۆلەکانەوە، لە ساڵی (٦٥٦ی کۆچی/ ١٢٥٨ی زایینی) ئیتر هەولێر کەوتە ژێر فەرمانڕەوای مەغۆلەکانەوە.

* لە ساڵی (١٣٣٧ی زایینی) کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیلخانییەکانەوە دواتریش جەلائیریەکان.

* پاشان کەوتە ژێر رکێفی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی بەرخە رەش وئینجا لە ساڵی (١٤١٠ی زایینی) کەوتە ژێر دەوڵەتی بەرخە سپی.

* ساڵی (١٥٠٨ی زایینی) کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی سەفەویەکان، تا شکانی سوپای فارس لە بەرامبەر هێرشی سوپای سوڵتان سەلیمی دووەمی عوسمانلی.

* ساڵی (١٥١٤ی زایینی) لە دوای شەڕی چالدێران و سەرکەوتنی لەشکری سوڵتان سەلیمی دووەمی عوسمانلی، هەولێر و ئینجا هەموو عێراق کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانلییەوە.

* ئەم هەرێمانە تاساڵی (١٩١٧ی زایینی) لەژێر دەسەڵاتی عوسمانلییەکان مانەوە، کەلە سەردەمی ئەواندا دان بە نیمچە سەربەخۆیی میرنشینەکانی کورد نرابوو، لەوانە میرنشینی سۆران لە ناوچەی هەولێر، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بەهێزترین و پێشکەوتووترینی میرنشینەکانی کورد بوو.

* لە دوای هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی و لەپاش پەیمانی سایکس-پیکۆ و لە بەهاری ساڵی (١٩١٦ی زایینی) بە فەرماندەیی لیوا (پاراشۆف) هێزەکانی روسیای هاوپەیمانی لە رێگەی خانەقین و ورمێ بە مەبەستی داگیرکردنی بەغدا رەواندزیان داگیر کرد. پاشان بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە روسیا لەو هەرێمە کشانەوە.

* ساڵی (١٩١٨ی زایین) و لەدوای داگیرکردنی بەغدا لەلایەن ئینگلیزەوە هەولێر کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز و کابتن های بوو بە حوکمڕانی هەولێر.

* ساڵی (١٩٢١ی زایین) لە دوای دروستبوونی حکومەتی عێراق و لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی عێراق، هەولێر کرایە موتەسەرفییەت و (ئەحمەدە فەندی عوسمان) یەکەم موتەسەریف (پارێزگار)ی هەولێر بووە.

* ساڵی (١٨٥٨ی زایینی) شارەوانی هەولێر دامەزراوە و یەکەم سەرۆکی شارەوانی (حاجی ئەحمەد ئاغای عەبدولوەهاب) بووە.

* ساڵی (١٩١٣ی زایینی) یەکەم شەقام لە نێو شاری هەولێر قیرتاوکراوە.

* ساڵی (١٩٢٨ی زایینی) یەکەم یانەی فەرمانبەران لە هەولێر کراوەتەوە.

* ساڵی (١٩٣٢ی زایینی) و بۆ یەکەمجار کارەبا گەیشتۆتە شاری هەولێر.

* ساڵی (١٧٧٥ی زایینی) گەرماوی قەڵاتی هەولێر درووستکراوە و خەڵکی هەولێر لەم گەرماوەدا خۆیان شتووە و بۆ ئەم مەبەستە بیرێک لە قەڵات لێدراوە کە قووڵییەکەی (٦٠) مەترو کەمەرەکەی (٥) مەتر بووە.

## مێژووی هەولێر بە کورتی

سەرەتا ناوچەی هەولێر شوێنێکی کشتوکاڵی بوو کۆمەڵی خەڵکی تیا دەژی وەکو گوندێکی بچووک وابوو.

* لە سەدەی سێ یەمی پێش زاین ،سۆمەریەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست لەم ناوچەیە کە پادشایەکەیان حامورابی بوو.

* پاش لە لەناوچوونی مەملەکەتی ئاشووری (سۆمەری) ،هەولێر کەوتە ژێردەسەڵاتی فارسەکان .

* لە سەردەمی دەسەڵاتی فارسەکان ، هەولێر ببوو بە مەرکەزێکی گرنگ لەم ناوچەیە.

* پاشان داگیرکەرانی رۆمانی بەدووایی داهات ،لە شەڕێک دا (گاومێلا) نزیک هەولێر ،هێزەکانی پادشای رۆمانی ئەلیکساندەری مەکدۆنی توانی سەرکەوێ بەسەر فارسەکان(داریۆسی سێیەم).

* لە سەدەی سێیەمی زایینی ئاینی مەسیحی لە هەولێر بڵاو بۆوە.

* لە ساڵائیسلامی گرتە باوەش و تێدا بڵاو بۆوە.

* پاشان ئیمارەتی ئەتبەقیان ( ١١٢٨- ١٢٣٢ ) زایینی فەرمانڕاوای ئام ناوچەیان دەکرد،وە لە ساڵی(١١٩٠ ) زایینی لەسەردەمی سوڵتان موزەفەرەدین ،هەولێر پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و بیناسازی بە خۆوە بینی ،چەندەها زاناو رۆشنبیری تیا هەڵکەوتن و خەڵکی دیکەش بۆ فێربوون دەهاتن بۆ هەولێر.

* (١٢٣٢ )زاینی فەرمانڕەوای عەبباسیەکان هاتە کایەوە.

* لە ساڵی (١٢٥٨ ) زاینی، پاش یەک ساڵ لە گەمارۆدانی شاری هەولێر لەلایەن مەغۆلەکانەوە،توانیان داگیری بکەن،هەتا ساڵی(١٤١٠ ز) خایاند .

* (١٤١٠ - ١٥٠٨ )زاینی هەولێر کەوتە ژێر دەسەڵاتی قەرەقۆینلوو ئاق قۆینلۆی تورکمانی.

سەرچاوە
Serchawe

* لە ساڵی (١٥١٧ز) فەرمانڕەوای عوسمانیەکان دەستی پێکرد ،درێژەیی کێشا هەتا ساڵی ١٩١٨ز.
* ١٩١٨ز سوپای بەریتانی هاتە ناو شاری هەولێر.
* ١٩٢٥ز هەولێر کەوتە ژێر دەسەڵاتی قەزائی بەغدا .
* ١٩٧٤ز هەولێر بوو بە پایتەختی ناوچەی حوکمی زاتی کوردستان.
* ١٩٩١ز پاش شکانی سوپای ڕژێمی بەعس و کشانەوەیان لە ناوچەکانی کوردستان ،هەولێر بوو بە پایتەختی کوردستانی عێراق . - ٢٠١١ ز کورانکاری زۆر لە هەولێر کراوە وە ک دروستکرنی سە داها تە لار وبازاری نوی بردە باز و جادە وشارە کانی جینشینکردن , بە لام تائیستا بایە خیکی ئە وتۆی بی نە دراوە لە لایە نی میزوویی , بۆیە شوینە وارە کانی هە ولیر جاویان لی بۆشراوە و فە راموش کراون.

## هاوینەهەوارەکانی هەولێر

### ١- هاوینەهەواری شەقڵاوە:

هاوینە هەواری شەقڵاوە دەکەوێتە لای باکوورو دەکەوێتە نێوان هەردوو چیای سەفین (٩٦٠ م) و چیای سورکە و، پلەی گەرمای لە هاویندا دەگاتە (٣٥٣٠) پلە و، لە زستاندا دەگاتە ١٠- ژێر سفر. لە شەقڵاوەدا داروباری چر بەدی دەکرێ، کە پێکهاتووە لە داری (خۆخ و جوێز و ترێ و هەنار و هەنجیر...)وە بازاریکی گەورەی تێدایە کە جۆرەها خواردەمەنی و سەوزە و میوەی و بەوشک کراوەیی وەکو کوێز و هەنجیر و قەیسی. ساڵانە بەسەدان گەشتیار ڕوو لە شەقڵاوە دەکەن بەهۆی دیمەنی سەرنج راکێشی و ئاووهەواکەی.

### ٢- هاوینەهەواری گەلی عەلی بەگ:

ئەم هاوینە هەوارە ١٣٠کم لە ناوەراستی شاری هەولێر دوورە و، بەیەکێک لە هاوینەهەوارە سەرنج راکێشەکانی هەرێمی کوردستان دەژمێردرێت. دەکەوێتە نێوان چیای کۆرەک و برادۆست بەدرێژایی ١٢کم، شوێنەکە بەبەرزی ٨٠٠ میتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بڵندە و، پلەی گەرمای دەگاتە ٣٥پلە لە هاویندا و، - ١٠لە زستاندا. لەم شوێنەدا دوو ڕووبار بەیەک دەگەن، یەکیان لە دۆڵی ئالانە سەر بەناحیەی خەلیفان کە تاڤگەی گەلی عەلی بەگ پێک دەهێنێ،لەگەڵ ئەویتریان کە لە شارۆچکەی ڕەواندوز هەڵدەقوڵێ کە ئاوی بێخاڵە، زێی گەورە پێک دەهێنن. سەرەڕای تاڤگە گەورەکە چەندان تاڤگەی بچووکی تری تێدایە. ئەم شوێنە بە سروشتی شاخاویەکەی و داروبارە جۆراو جۆرەکەی، بۆتە شوێنی گەشتوگوزار کە خەڵکی زۆر ڕووی تێدەکەن.

### ٣- هاوینەهەواری بێخاڵ:

هاوینە هەواری بێخاڵ ١٤٠ کم لە چەقی هەولێرەوە دوورە و، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گەلی عەلی بەگ و، لە دووری ١٠کم لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی ڕەواندوز وە پلەی گەرمای لە ٣٢ پلە بەرز نابێتەوە لە هاوین دا . دەتوانین بگەین بە بێخاڵ لە ڕێگای گەلی عەلی بەگ یان لە ڕێگای ڕەواندوز . لەم هاوینە هەوارە تاڤگەیەکی ڕوون و گەورە هەیە کە بە درێژایی شاخەکەی دا پۆشیوە، شوێنێکی زۆر سەرنج ڕاکێشە، خەڵکی لە سەرەتای بەهاردا ڕووی تێدەکەن تا کۆتایی هاوین.

### ٤- هاوینەهەواری جندیان:

ئەم هاوینە هەوارە ١٤٧کم لە چەقی هەولێرەوە دوورە و، ٥ کم لە شاری دیانا دوورە، وە دەکەوێتە لای خوارەوەی چیای هندرێن ،پلەی گەرمای لە هاوین دا دەگاتە ٣٢پلە. هاوینە هەواری جندیان ناوبانگی بە چاوی ئاوی سیحری دەرکردووە (عیون الماء السحریه)بە هۆی بوونی ئەشکەوتێک، کە تێیدا ئاوی تێدا هەڵدەقوڵێ و، بۆتە شوێنی سەرەنجی گەشتیاران.

### ٥- هاوینەهەواری حاجی ئۆمەران:

دەکەوێتە باکووری شاری هەولێر بە دووری ١٨٠کم ،پلەی گەرمای دەگاتە ٣٠پلە لە هاویندا. ئەم شوێنە بەسەوزایی چیاکانی ناوبانگی دەرکردووە، هەروەها بەسروشتەکەی و هەڵقوڵاوەکانی بەتایبەتی سەرچاوەی ئاوی کانزایی شێخی باڵەکیان کە خەڵکی سەردانی دەکات بۆ چارەسەری هەندێ نەخۆشی وەکو (جگەر و پێست)، بۆیە لە هاوین دا ئەم شوێنە ناودەبرێت شوێنی گەشتوگوزاری چارەسەری.



## گرنگی شاری هەولێر

دەکەوێتە ناوەڕاستی باشووری کوردستان و شارەکانی دهۆک، کەرکووک و سلێمانی بە یەک دەبەستێتەوە.
زۆربەی ناوچەکانی زەوی بە پیتە بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری دەست دەدات.
کۆمەڵێک شوێنەواری گرنگی تێدایە، گرینگترین قەڵا و منارەن.
پایتەختی کوردستانی عێراقە (باشووری کوردستان).
کۆمەڵێک ڕێکخراو و دەزگای ناحکومی و نێودەوڵەتی لێهی و هەروەها بارەگای ڕێکخراوی نەتەوەیی لێیە.
کۆمەڵێک نەتەوە و ئاینی تێدایە وەکو کورد، ئاشووری، تورکمان، موسڵمان و کرستیان..
هەموو سەندیگاکانی تایبەت بە مامۆستایان، ئەندازیاران، جوتیاران، هونەرمەندان و هتد تێدایە.
دوو زانکۆی گەورەی تێدایە، زانکۆی سەلاحەددین و زانکۆی هەولێری پزیشکی، هەروەها چەند پەیمانگەیەکی لێیە بە هەموو بەشەکانییەوە.
چەندین باڵاخانەی ڕۆشنبیری و هونەری لێیە وەکو هۆڵەکان و سینەما و کۆشکی هونەر و کتێبخانە و هەروەها ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤار بە هەر چوار زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و تورکمانی دەردەچێت.
کۆمەڵێک کارگەی بەرهەمهێنانی جۆراوجۆری لێیە وەکو کارگەی دەواجن و ئەلبان و مافور و جگەرە و عەلەفی ئاژەڵ.
کۆمەڵێک یەکەی تەندروستی و نەخۆشخانەی گەورەی لێیە ،هەروەها چەندین کۆگای دەرمان و پێداویستی تەندروستی لێە.
بوونی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ گواستنەوەی ئاسمانی.
بوونی دەزگاکانی خزمەتگوزاری بە شێوەیەکی فراوان، وەکو شارەوانی و ئاو و کارەبا، زێراب، ڕێگاوبان، پۆستە و تەلەفۆن.
بوونی کۆمەڵێک بانکی ناوەندی و مەرکەزی و نێودەوڵەتی، وەکو بانکی ڕەشید و ئاراس و کوردستانی نێودەوڵەتی ئەمیرلاند ....هتد.
بوونی کۆمەڵێک پارک و باخچەی دڵگیر، وەکو پارکی سامی عەبدولڕەحمان و گلکەند و ڕوناکی.

سەرچاوە Serchawe




# منداڵان



## کۆترێک دوو کەڵەشێر ئاشت ئەکاتەوە

نووسینی / حاتەم باتاسی

...دوو کەڵەشێر لەناو کۆمەڵە پەڵەوەرێک ئەبن، یەکێک لە کەڵەشێرەکان هەمیشە توندو تیژو شەڕاوی ئەبێت بەردەوام ئازاری پەلەوەرەکانی ئەدا، بۆیە هەموو پەلەوەرەکانیش هەمیشە خۆیان لێ دوورە پەرێز دەگرت چونکە حەزیان لە هاوڕێیەتی ئەو کەڵەشێرە دڕندەیە نەبوو .



...بەڵام کەڵەشێرەکەی تر پێچەوانەی ئەو کەڵەشێرە شەڕاویە بوو، زۆر ژیکەڵەو رووخۆش بوو، هەردەم لەگەڵا هەر ئاخاوتنێک زەردەخەنەی خۆشی لەسەر لێوەکانی ببووە جوانترین دیمەن و سەرنجی هەموو پەلەوەڕەکانی بۆ لای خۆی پێ ڕادەکێشا، بەقسەی خۆش هەمیشە دڵی هەموو لایەکی خۆش دەکرد، تەنانەت ڕۆژێک لەڕۆژان هیچ پەلەوەرێک دڵیان لەو کەڵەشێرە نەڕەنجا .

...کەڵەشێرە شەڕاویەکە بە سەرنج و هەڵس و کەوتی ئەو کەڵەشێرە زۆر پەست دەبێت، بۆیە جارێکیان لە ڕادەبەدەر زۆر ڕقی لەو کەڵەشێرە هەڵدەستێ و بڕیار ئەدات زۆر بە توندی پەلاماری بدات...هەر لەوکاتی زۆر بەپەلە خۆی ئەگەیێنێتە لای کەڵەشێرە ژیکەڵەکە زۆر بەتوندی پەلاماری ئەدات، هەرچەندە کەڵەشێرە ژیکەڵەکە داوای لێ کرد تووشی شەڕی نەکات بەڵام بێ سوود ئەبێت وە پەلەوەرەکانیش بەهەمان شێواز زۆر داوایان لە کەڵەشێرە شەڕاویەکە کرد ئاگری شەڕەکە هەڵنەگیرسێنێ چونکە هەردوولا پێی دەسووتێن بەڵام کەڵەشێرە شەڕاویەکە لەبەر ئەوەی ناو کەللەو هەناوی پڕ لەداخ ببوو وەسوڕبوو لەسەر ئەوەی شەڕەکە بکاتو ئامانجە گڵاوەکەی خۆی هەرچۆنێ بێت بپێکێت... منداڵە جوانەکان..کەڵەشێرە ژیکەڵەکە تەنانەت لەکاتی شەڕیشدا زۆر خۆ ڕاگربوو بۆیە لێرەدا ناچاربوو بەرگری لەگیانی خۆی بکات و لەگەڵا کەڵەشێرە شەڕاویەکە بکەوێتە ناو جەنگێکی زۆر سەختو دژوار تا وای لێ هات هەردوو کەڵەشێرەکە هەموو لەشی یەکتریان لەخوێن سوور هەڵگەڕاند... پەڵەوەرەکانیش لەناو خۆیاندا پڕ بە دڵا حەزیان دەکرد کەڵەشێرە شەڕاویەکە زەبرێکی زۆر کوشندەی پێ بکەوێت وە لەشەڕەکە بدۆڕێنێت وە بەڵێنیاندا ئەگەر کەڵەشێرە ژیکەڵەکەی هاوڕێیان خەریک بێت گیانی لەچنگ ئەو کەڵەشێرە شەڕاویە بکەوێتە بەر مەترسی ئەوا هەر هەموویان بیگەنە فریاو پێکەوە بەیەک هێز پەلامارێکی زۆر توند و دژواری کەڵەشێرە شەڕاویەکە بدەن و لەناوی ببەن، بەڵام کەڵەشێرە ژیکەڵەکە لەگەڵا بەرگری کردن لەگیانی خۆی زەبری باشی لێ دەوەشاند. لە گەرماو گەرمی شەڕەکەدا بوون کۆترێکی سپی لە بەرزاییەوە خۆی گەیاندە مەیدانی جەنگەکەوە تا توانی لەنێوان هەردوو کەڵەشێرەکە هەرچۆنێ بێت لەدوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر شەڕەکە بوەستێنێت، ئینجا لەدوای ئەوەی کۆترەکە گەیشتە ئەو باوەڕەی کەوا تاوانباری شەڕەکە کێیە...بۆیە وتی:- لە هەر کاتێک هەر کێشەیەک سەر هەڵا بدات بێگومان بەشەڕ چارەسەر ناکرێت، ئەمە ڕێگایەکی زۆر هەڵەیە، بەڵکو لەڕێگای گفتوگۆ کردن و لێک تێگەیشتن ئەگەنە ئەنجامی ڕاست و دروست و کۆتایی هاتن و چارەسەر کردنی کێشەکە. وە کۆترەکە بەباشی زانی هەندێ ئامۆژگاری کەڵەشێرە شەڕاویەکە بکات کە بە تاوانبارو دەست پێشخەری شەڕەکە لەقەڵەم درابوو، بۆیە پێی ئەڵێت:- باشتر وایە بە هەموو ڕابردووی خۆت دابچیتەوە کە پڕبووە لە شەڕو توند و تیژی و خراپەکاری تر، پەلەوەرێکی زۆرت ئازار داوە کە ئەمەش بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ڕقیان لێت ببێتەوە و هەرگیز حەز بە هاوڕێیەتیشت نەکەن، تەنانەت ئەو هەموو خراپەکاریە ڕۆژێک دادێت ببێتە مەترسی بۆ سەر گیان و ژیانت، ئیتر لێرە بەدوا گۆڕانکاری بەسەر هەموو هەڵس و کەوتێکت دابهێنە تا لە ناشرینەوە جوان ببن کە بەم شێوازە دڵنیابە هەموو پەلەوەڕەکان وەکو کەڵەشێرەکەی تر ئەبنە هاوڕێیەکی دڵسۆزی تۆش ....



...کەڵەشێرەکە بەم ئامۆژگاریانە زۆر دڵخۆش بوو هەستی بەئارامی و بەختەوەری کرد، لەناخەوە زۆر پەشیمان بوەوە، بۆیە لێرەدا بەڵێنی بەهەموو لایەکدا لەمەودوا گشت ئەو ئامۆژگاریە بەنرخانەی کۆترە جوانەکە لەگوێو مێشکی بەهەند وەربگرێت و ڕۆژانە کاریان پێ بکات وە داوای لێ بووردنی لە کەڵەشێرە ژیکەڵەکە کرد وە لەسەر قسەی کۆترە سپیەکە هەردوو کەڵەشێرەکە لەگەڵا یەکتر ئاشت بوونەوە. هەموو پەلەوەڕەکانیش لەخۆشیا چەپڵەیەکی توندیان لێ دا، لەو ڕۆژەوە کەڵەشێرەکە وازی لە شەڕ پێ فرۆشتنی هەموو پەلەوەڕەکان هێناو لەگەڵا کەڵەشێرەکەی تر بێ ڕق و کینە بوونە هاوڕێیەکی دڵسۆزی یەکترو دۆستێکی خۆشەویستی هەموو پەلەوەڕەکان، لەو ڕۆژەوە بەوپەڕی خۆشحاڵی ژیانیان لەگەڵا یەکتر دەبردە سەر .

سەرچاوە
Serchawe

# تەندروستی

## بیبەری تیژ چارەسەری هەوکردنی لووت دەکات



تویژەران لە زانکۆی سینسیناتی ئەمریکی ، پاش ئەنجامدانی لێکۆلینەوەیەک لەسەر ٤٦ کەسی تووشبوو بە هەوکردنی لووت بۆ ماوەی دوو مانگ ، دەریخستووە کە بیبەری تیژ باشترین چارەسەرە بۆ ئەو کەسانەی تووشی هەوکردنی لووت دەبنەوە .

بەپێی وتەی پزیشکەکان تووشبوانی دەرمانی کابسیسین کە لە مادەی بیبەری تیژ پێکهاتووە دەپرژێننە لوتیان ، چونکە بەو مادەیە مرۆڤ هەست بە گەرمیەکی زۆر دەکات و مادەیەکی چالاکیشە بۆ چارەسەکردنی کاتی هەندێ ئازارەکان .

لێکۆلینەوەکە دەلێت" کاتێک نەخۆش هەست بە هەوکردنی لووت دەکات ، پاش تێپەربوونی تەنها یەک خولەک پێویستە دەرمانی تازە بەکاربهێنێت ، چونکە ئەم دەرمانە بە شێوەیەکی بەردەوام کنترۆلی بەشەکانی تووشبووی نەخۆش دەکات .

جوناسان بیرنستاین سەرپەرشتیاری لێکۆلێکۆلینەوەکە وتی" دەرئەنجامەکانی ئەم لێکۆلینەوەیە یارمەتیمان دەدەن ، کە گرنگیەکی تایبەت بەو نەخۆشیە بدەین ، هەروەها وتیشی ، نەخۆشیەکە لە ئەنجامی پیسبوونی کەش و هەوا یان هەندێ پێکهاتەی کیمیاوی کە لەناو مالاندا بەکاردەهێنرێت تووشی مرۆڤ دەبێت ، لەوانەش بەکارهێنانی بۆن .

## باینجان چارەسەری حالەتی سکچوون دەکات




زانایانی بواری خۆراکی دەلێن" باینجانی رەش لە رێژەیەکی گەورەی سەرچاوە کانزایەکان پێکهاتووە ، لەگەڵ باینجانی سپی کە لە رێژەیەکی زۆری مادەی نیشاستەی پێکهاتووە ، وە ئەم سەرچاوە خۆراکیانەش بە شێوەیەکی بنەرەتی لە توێکلەکەیدا کۆدەبێتەوە ، هەربوویە زانایان ئامۆژگاریمان دەکەن بە خواردنی باینجانی بێ توێکل .

زانایان ئاماژە بەوەدەکەن کە باینجان سوودێکی گرنگ بە کۆئەندامی میز دەگەینێت ، بۆیە ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکەن کە بەدەست نەخۆشی بەردی گورچیلەوە دەنالێنن بە خواردنی باینجان ، وە سوود بەو کەسانە دەگەینێت کە تووشی سکچوون بوونەتەوە .

هەروەها زانایان دەلێن" پێویستە ئەوانەی تووشی لاوازی گەدە بوونەتەوە بە رێژەیەکی کەم باینجان بیخۆن ، بەتایبەت منداڵان و بەسالاچووان ، وە ئەوانەی تووشی هەرس کردن هاتوون ، چونکە هەرسکردنی باینجان قورسەو ماوەی چوار کاتژمێری دەوێ تا بەتەواوی هەرس دەکرێت .

## گرنگترین سوودە تەندروستیەکانی خواردنی پیاز

تویژەرانی هولەندی دەلێن" رۆژانە خواردنی نیو پیازی قەبارە مامناوەند ، دەکرێت مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی گەدە کەم بکاتەوە .



دوکتۆری هندی منۆن لە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی نیوکاسل لە بەریتانیا ئاماژەی بەوەدا ، کە خواردنی پیاز بە خاوی یان کۆلێنراوی یان برژاوی رێگە لە روودانی حالەتی جەڵتەی دڵ و مێشک دەگرێت ، وە لێکۆلینەوەیەکی ئەم دوایەش ئەوەی دووپات کردووتەوە کە رۆژانە خواردنی نیو پیاز ، یارمەتی پاراستن و چارەسەرکردنی مرۆڤ دەدات لە دژی نەخۆشیەکانی دڵ .

بەپێی وتەی تویژەران پێکهاتەی کبریتی کە بەشێوەیەکی فراوان لە پیازدا هەیە ، دژی بەکتریای "هیلیۆ باکتر بایلۆری" دەوەستێت ، کە مرۆڤ تووشی هەڵئاوسانی گەدە دەکات ، لەهەمان کاتیشدا رێگە لە مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی گەدە دەگرێت ، کە ئەمەش بە رێژەیەکی زیاتر تووشی ئافرتان دەبێت .

پیاز یارمەتی بەهێزکردنی گەدەو کۆئەندامی دەمارو جگەرو گورچیلە و کۆئەندامی میز دەدات . وە دژی رۆماتیزم و رەقبوونی خوێنبەرەکان و مەینی خوێن دەدات ، لەلایەکی تریشەوە ئاستی شەکر کەم دەکاتەوەو سوود بە پێست و بەهێزکردنی قژ دەگەینێت .

بەپێی لێکۆلینەوەیەکی تری تازەی زانستی ، خواردنەوەی شەربەتی پیاز دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی شەکر لەناو خوێندا ، وە پێکهاتەیەکی رووەکی و دژە ئۆکسیدی لەناو پیازدا هەیە ، کە مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی سییەکان کەمدەکاتەوە .

هەروەها پیاز بەهۆی بوونی مادەی "کویرسیتین" تێیدا ، دەکرێت مرۆڤ لە مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی سییەکان رزگار بکات .

سەرچاوە : کوردستان تی ڤی

سەرچاوە
Serchawe

# وتەی زانایان



بۆ مرۆڤی بێ هێواش ، زەوی بە قەرا خۆی تەسکە.

ئەگەر مزگێنیەکت بۆ کەسێک پێیە ، پەلە بکە لە گوتنی.




باشترین بەرنامە داڕشتن بۆ داهاتوو ، سوود وەرگرتنی دروست لەکاتە.

مرۆڤی کامل و تەواو کەسێکە کە ژیانی خۆی بە دەستی خۆی دروست بکات

ئازادی بیرکردنەوە و پێنوس و زمان و ....... دەبێتە هۆی ئاوەدانی ولات.

وتوویژی خۆت برادەرانە دەست پی بکە.



جوانترین شعر لە سەرانسەری جیهان لایە لایەی دایکانە.



ئیمان سەبرو لێبوردنە.

بە خۆڕاگری بە هەموو شتێک دەتوانی بگەیت.

ئازادی مافەو دەبیت وەرگیرێ و دیاری نییە پێشکەش بکرێت.


بە هەبوونی ئیرادەی بەهێز دەبیتە خاوەنی هەموو شتێک.



بەفیرۆدانی کات خۆ کوشتنێکی ڕاستەقینەیە.

بیر لە ژیان بکەنەوە بەلام خەمی بۆ مەخۆن.

هاوڕێکانم دارایی و سامانی منن.



پێکەنین باشترین چەکی شەڕە لە دژی ژیان.

پیاوی زانا هەمیشە کەسێکە کە بیەوێ شتێک فێر بێت.

بەختەوەری لەوە دایە سنووری هەموو شتێک بزانین و ڕێزی لێ بگرین

خاوەنی ڕەوشت و ئەخلاقی پاک ڕۆحی کۆمەڵگەی خۆیانن.

عەشق و خۆشەویستی باشترین دەرمانە.

ڕاستگۆیی باشترین سیاسەتە.

# پەندی پێشینیان



لە چاوی خۆتا نابینی گاسن!
سووژن دەبینی لەنێو چاوی من

وتیان بە ڕێوی شاهیدت کێیە؟
وتی کلکی خۆم، باوەڕم پێیە

حەزدەکەی دوور بی لە گێرە و کێشە
بەقەد بەڕەی خۆت پێ ڕابکێشە!

ئیش بەبێ زەحمەت مەحاڵە بوونی
پیاو ماسی بگرێ، تەڕ دەبێ قوونی

ئاوت خواردەوە جارێک لە کانی
بەردی تێ مەخە، خۆ تۆ ئینسانی

پیاو بە خزم و دۆست دەبێ کۆڵەوار
ناقەڵشێ، هۆرە لە خۆی نەبێ دار

لەگەڵ ئەم بیرو باوەڕە چۆنی؟
دەڵێن چێشتی خۆش دیارە بە بۆنی!

دار وشک دەبێ بە ئاواتی باز
جارێک لەسەری بخوێنێ ئاواز

بیستوومە پارو لە زار بکەوێ
بۆ کۆش چاکترە، نەک نێرەو ئەوێ

بچۆرە جێیەک هیچ کەس نەتناسێ
خۆت هەڵبکێشە پڕ بە کراسێ

برا گیان هێشتا ئەسپ نەکڕاوە
ئاخوڕ هەڵبەستن، خەیاڵی خاوە

قەت لە شوێن چووان نەچیەوە چاکە
بەس لێرو لەوێ کای کۆن بە با کە!

بەرەنجی شانی خۆت بژی بەستە
پارەی میراتی وەک چڵکی دەستە



هیوادارم بەدڵتان بێت دیلان

# ڕۆژژمێری مێژووی کوردستان - مانگی خەرمانان ( ئووت - سپتامبر)




ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ٢٣ی ئووتی ١٩٦٢ | لێ ستاندەنەوەی ناسنامەی سوری و بە بێگانە ناساندنی ١٢٠٠٠٠ کوردی ناوچەی جەزیرە لە لایەی حکوومەتی سوورییە. |
| ٢ | ٢٣ی ئووتی ١٥١٤ | شەری چالدێران لە لایە دوو ئیمپراتووری عوسمانی و سەفەوی ئێران لە سەر خاکی کوردستان. |
| ٣ | ٢٤ی ئووتی ١٩٢٠ | راپەرینی برایم خانی دەلو.شارۆچکەی کفریان لە سپای ئینگلیز پاک کردەوە وئالای بریتانیایان دا گرت. |
| ٤ | ٢٥ی ئووتی ١٩٤٦ | ساڵرۆژی دامەزرانی پارتی دێموکراتی کوردستان. |
| ٥ | ٢٥ی ئووتی ١٩٥٥ | کۆچی دوایی بێخوود شاعیرو زانای بەناوبانگی ئایینی کورد. |
| ٦ | ٢٥ی ئووتی ١٩٨٨ | شیمیاباران کردنی ناوچەی بادینان لەلایەن رێژیمی بەعسی عێراق. |
| ٧ | ٢٦ی ئووتی ١٩٨٨ | بۆردومان کردنی ناوچەی هیران بەگازی کیمیاوی لەلایەن رژێمی عێراق. |
| ٨ | ٢٧ی ئووتی ١٩٨٨ | شیمیاباران کردنی ناوچەی بەرواری لە پارێزگای دهۆک لەلایەن رژێمی بەعس. |
| ٩ | ٢٧ی ئووتی ١٩٨٠ | ساڵرۆژی دامەزرانی سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێران، لە ٢٤ی مای ١٩٨٧ بوو بە دوو بەش ئەو بەشە بە ناوی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران تێکۆشانی خۆی دەست پێکرد. |
| ١٠ | ٢٨ی ئووتی ٢٠١٠ | کۆچی دوایی سەید عوبدوڵلا ئەیوبییان نووسەر، زماننناس وڵێکۆلەری ناوداری کورد و دوایین یادگاری کۆمەڵەی ژ - ک و کۆماری کوردستان لە مەهاباد. |
| ١١ | ٢٨ی ئووتی ١٩٨٨ | حکوومەتی عێراق هێرشەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان چرتر کرد. |
| ١٢ | ٢٩ی ئووتی ١٩٦١ | چاپ و بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی هەولێر لەشاری هەولێر. |
| ١٣ | ٢٩ی ئووتی ١٩٧٠ | ساڵرۆژی دامەزرانی کۆری زانیاری کورد لەشاری بەغدا پێتەختی عێراق. |
| ١٤ | ٣٠ی ئووتی ١٩٦٨ | کۆچی دوایی ساڵح قەفتان مێژوونووسی بە توانای کورد. |
| ١٥ | ٣٠ ئووتی ٢٠٠٥ | کۆچی دوایی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریسی کەسایەتی گەورەی ئایینی و ئەدیب و زانای کورد لە شاری بەغدا. |
| ١٦ | ٣١ ئووتی ١٩٧٩ | شەهید بوونی فوئاد مستەفا سوڵتانی چالاکی سیاسی و یەکیک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە. |
| ١٧ | ٣٠ی ئووتی ١٩٩٤ | دامەزرانی رێکخراوی ئاوارە و ئەنفالەکانی کوردستان لە باشووری کوردستان. |

| September - سپتامبر | | |
|---|---|---|
| ١٨ | ای سپتامبری ١٩٨٩ | کۆچی دوایی شاعیری کرمانشانی شامی. |
| ١٩ | ای سپتامبری ١٩٢١ | کردنەوەی یەکەمین قوتابخانە فەرمی لە شارۆچکەی عەنکاوە ی شاری هەولێر. |
| ٢٠ | ای سپتامبری ١٩٩٥ | چاپ و بڵاو کردنەوەی ژمارە سفر ی رۆژنامەی رەسەن لە شاری دهۆک. |
| ٢١ | ٢ی سپتامبری ١٩٣٧ | بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی ژیان. |
| ٢٢ | ٢ی سپتامبری ١٩٦٨ | لەسێدارە دانی شاعیرو تێکۆشەری سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان مەلا ئاوارە(ئەحمەد شەڵماشی)لە شاری سەردەشت لەلایەن حکوومەتی پاشایەتی ئێران. |
| ٢٣ | ٢ی سپتامبری ١٩٧٩ | جینایەتی سامناک و درەندانەی چەکدارانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و قەلاچۆ کردنی ٦٧ کەس لە دانیشتوانی گوندی قارنی. |
| ٢٤ | ٢ی سپتامبری ٢٠٠٣ | ئەنجوومەنی حوکمرانی عێراق لە بەیاننامەیەک دا پێکهاتنی یەکەمین کابینەی نۆیی پاش رووخانی رێژیمی دیکتاتوری لە عێراق راگەیاند. |

سەرچاوە
Serchawe

| | | |
|---|---|---|
| ٢٥ | ٢ی سپتامبری ١٩٥٨ | پیشوازی گەرمی سەرۆک کۆماری عێراق عەبدولکەریم قاسم لە مەلا مستەفای بارزانی لە کاتی گەرانەوەی لە یەکیەتی سوڤیەت بۆ عێراق. |
| ٢٦ | ٣ی سپتامبری ١٩٩٩ | بڵاو کردنەوەی شەست پوولی پۆست (تەمری پۆست)لە لایەن حکوومەتی هەریمی کوردستان،ئەوە بۆ یەکەم جار دوای شێخ مەحموود دەسەڵاتی کورد بەم شێوەیە پوولی پۆست بڵاو کاتەوە. |
| ٢٧ | ٣ی سپتامبری ١٩٨٩ | پێک هاتنی یەکەم کۆنگرەی ماف پەروەرانی کوردستان. |
| ٢٨ | ٤ی سپتامبری ١٩٩١ | دامەزرانی پارتی پارێزگارانی کوردستان، لەلایەن ( عومەر ئاغای سورچی و زەیدی عومەر ئاغا) |
| ٢٩ | ٤ی سپتامبری ١٩٩٥ | بەشداری نوێنەرانی ژنانی کوردستان لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی ژنانی جیهان لە پەکەن پێتەختی چین. |
| ٣٠ | ٤ی سپتامبری ١٩٢٦ | وتۆیژ و دانیشتنی کاربەدەستانی دەوڵەتی بریتانیا لە عێراق بە ناچاری لە گەڵ شێخ مەحموود بۆ هێمنی و ئارامی ناوچەکە کە سێ کاتژمێری خایاند. |
| ٣١ | ٤ی سپتامبری ١٩٤٥ | پێک هاتنی کۆنفرانسێکی بەرین بە ئامادە بوونی ٢٧ سەرۆکی کورد بە بەشداری دوو گەورە دیپلۆماتی روسی لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٣٢ | ٤ی سپتامبری ١٩١٧ | هێرشێکی گەورە و بەربڵاوی سپای عێراق بۆ سەر ناوچەی هاودیان سەربە پارێزگای هەولێرو دەوروبەری. |
| ٣٣ | ٥ی سپتامبری ١٩٢٢ | بەهۆی بەرگری شێخ مەحموود سپای بەریتانیا لە شاری سلێمانی کشایەوە. |
| ٣٤ | ٥ی سپتامبری ١٩٣٧ | گیرانی سەید رەزا رێبەری شۆرشی دەرسیم لەلایەن هێزەکانی تورکیە. |
| ٣٥ | ٥ی سپتامبری ١٩٨٨ | دەستی پێکردنی ئەنفالی هەشت لە بناری قەندیل لە لایەن رێژیمی بەعس. |
| ٣٦ | ٦ی سپتامبری ٢٠٠٣ | کۆچی دوایی محەممەد هەورازی شاخەوانی بەرزە ناوی کورد و یەکێک لە باشترین شاخەوانانی جیهانی بەهۆی رنۆی بەفرلە شاخی گاشبرۆم ١ لە نەخۆشخانەی پاکستان. |
| ٣٧ | ٦ی سپتامبری ١٩٣٠ | راپەرینی کۆمەڵانی خەڵک لە بەر دەرگای سەرا لە شاری سلێمانی کە بوو بە هۆی شەهید بوون ٤٥ هاوڵاتی. |
| ٣٨ | ٦ی سپتامبری ١٩٥٩ | بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی رای گەل لە شاری کەرکوک. |
| ٣٩ | ٧ی سپتامبری ١٩٩٥ | دەستی پێکرد خوولی دووەمی کۆبوونەوەکانی ئاشتی لە کوردستان لە شاری دبلن پێتەختی ئیرلەند. |
| ٤٠ | ٧ی سپتامبری ٢٠٠٣ | بەرێوە چوونی یەکەمین فستیڤالی منداڵانی کوردستانی ئێران بە دەست پێشخەری دنیای منداڵان. |
| ٤١ | ٧ی سپتامبری ١٩٣٠ | فەرمانی هێرش بۆسەر باکووری ئارارات لە لایەن سالح پاشا بەمەبەستی لەناوبردنی کۆماری ئارارات. |
| ٤٢ | ٧ی سپتامبری ١٥٥٩ | لە سێدارە دانی میر سەیفەددین نەوەی میرەکانی سۆران لەلایەن عوسمانییەکان. |
| ٤٣ | ٧ی سپتامبری ١٩٣٠ | هەڵگیرسانی راپەرینی سێهەمی ئاگری لە باکووری کوردستانی. |
| ٤٤ | ٨ی سپتامبری ١٩٦٣ | کۆدەتای حیزبی بەعس و روخانی دەوڵەتی قاسم لە عێراق،و راگەیاندنی ئاگربەس لەگەڵ کوردان. |
| ٤٥ | ٨ی سپتامبری ٢٠١١ | کۆچی دوایی نوسەرو رۆشنبیری بەناوبانگی کورد مەحمود زامدار لە شاری هەولێر بە نەخۆشی. |
| ٤٦ | ٩ی سپتامبری ١٩٦٣ | هاوپەیمانی نیزامی هاوبەشی دوو حکوومەتی عێراق و سووریيە بۆ سەرکوت کردنی شۆرشی کورد لە باشووری کوردستان. |
| ٤٧ | ٩ی سیپتامبری ١٩٨٤ | کۆچی دوایی فیلم سازی ناسراوی کورد یەلماز گونی لە شاری پاریس. |
| ٤٨ | ١٠ی سپتامبری ١٩٢٢ | یەکەم کابینەی حکوومەتی شێخ مەحموود بە سەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادر و ٧ وەزیر لەشاری سلێمانی پێک هات. |
| ٤٩ | ١٠ی سپتامبری ١٨٨٠ | لە چوارچێوەی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ناوچەکانی مەنگوریان رزگار و لەدەست هێزەکانی ئێرانی پاک کرایەوە. |
| ٥٠ | ١٠ی سپتامبری ١٩٥٩ | یەکەمین کۆنگرەی مامۆستایانی کوردستان لە هاوینە هەواری شەقڵاوی لە باشووری کوردستان. |
| ٥١ | ١١ی سپتامبری ١٩٦١ | سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕشی نوێی گەڵی کورد لە باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی کە بە شۆڕشی ئەیللول ناسراوە. |
| ٥٢ | ١١ی سپتامبری ١٩٨٣ | گوڵەبارانی کردنی ٣٢ لاوی کورد لە شاری تەورێز. |
| ٥٣ | ١١ی سپتامبری ١٩٨٢ | ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکیەتی شۆرشگێرانی کوردستان - رۆژهەڵاتی کوردستان |
| ٥٤ | ١١ی سپتامبری ٢٠٠٧ | کۆچی دوایی عوسمان رەحیمی رووناکبیر،تێکۆشەری سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی سەکتەی مێشک لە شاری کویەی باشووری کوردستان. |
| ٥٥ | ١١ی سپتامبری ١٩٧٥ | ساڵرۆژی دامەزرانی پارتی سوسیالیستی کورد(پاسۆک) بە رابەرایەتی ئازاد مستەفا.لە شاری کەرکۆک باشووری کوردستان. |
| ٥٦ | ١٢ی سپتامبری ١٩٩٢ | کۆچی دوایی مامۆستا رەشاد موفتی شاعیر ،زانانی ئایینی و نووسەری لێهاتوو لە شاری هەولێر. |
| ٥٧ | ١٢ی سپتامبری ١٩٢٢ | شێخ مەحموود حەفید لە شاری سلێمانی حکوومەتی پاشایەتی بۆ کوردستان راگەیاندو خۆی کردە مەلیکی کوردستان ئەم پاشایەتی یە تا ساڵی ١٩٢٤ درێژەی هەبووە. |
| ٥٨ | ١٢ی سپتامبری ١٨٩٩ | خەڵاتی نێشانی شمشێری حکوومەتی سوئید بە شەریف پاشای خەندان کەسایەتی ناسراو و سیاسەتمەداری ناوداری کورد. |
| ٥٩ | ١٢ی سپتامبری ١٩٨٠ | کودتای نیزامی لە تورکیە و دامەزرانی حکومەتی نیزامی لە باکووری کوردستان. |
| ٦٠ | ١٢ی سپتامبری ١٩٣٠ | چاپ و بڵاو کردنەوەی رۆژنامەی زوبان لە لایەن سالح قەفتان لەشاری سلێمانی. |
| ٦١ | ١٣ی سپتامبری ١٩٧٩ | هێرشی حکوومەتی ئێران بۆسەر شاری مەهاباد. |
| ٦٢ | ١٤ی سپتامبری ١٨٩٩ | بەفەرمانی سوڵتان عبدالحمید پیرە مێردی شاعیر کرا بە سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەستەمبوڵ. |
| ٦٣ | ١٤ی سپتامبری ١٩٢٢ | بەشداری شێخ مەحموود مەلیکی کوردستان لەیەکەم کۆنگرەی کوردان لە باشووری کوردستان. |
| ٦٤ | ١٤ی سپتامبری ١٩٦٩ | کۆچی دوایی شێخ جەمیل موفتی کەسایەتییەکی ناسراوو خاوەن هەڵوێست کورد. |
| ٦٥ | ١٤ی سپتامبری ٢٠٠٥ | کۆچی دوایی ولیەم یوحەننا هونەرمەند و دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای سلێمانی لە شاری سلێمانی. |
| ٦٦ | ١٤ی سپتامبری ٢٠١٠ | ماڵئاوایی هانیبال ئەلخاس شێوەکار، پەیکەرتاش و شاعیری ناوداری ئاشووری کرماشانی بە هۆی نەخوشی شێرپەنجە لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئامریکا. |
| ٦٧ | ١٥ی سپتامبری ١٩٧٥ | کۆچی دوایی ئایەت الله کوردستانی. |

سەرچاوە
Serchawe

| | | |
|---|---|---|
| ٦٨ | ١٦ی سپتامبری ٢٠٠٩ | ماڵئاوایی مامۆستا حەسەن سۆران نووسەر، هەڵبەستڤان،زانا و نیشتمانپەروەی کورد لە شاری تاران. |
| ٦٩ | ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢ | تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە برلین لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران (کارەساتی میکونوس) |
| ٧٠ | ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢ | تیرۆری فەتاح عەبدولی تێکۆشەرو چالاکوانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە برلین. |
| ٧١ | ١٧ی سپتامبری ١٩٦١ | کۆچی دوایی نووسەر مەحموود ئەحمەد لە شاری سلێمانی. |
| ٧٢ | ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢ | تیرۆری هۆمایون ئەردەلان تێکۆشەری دیرینی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە برلین. |
| ٧٣ | ١٧ی سپتامبری ٢٠٠٣ | سەردانی کۆڵن پاوڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و پۆڵ بریمەر دەسەڵاتداری مەدەنی ئەمریکا لە عێراق لەشاری هەڵەبجە. |
| ٧٤ | ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢ | چاپ و بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی پەرلەمان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە. |
| ٧٥ | ١٨ی سپتامبری ١٩٩٦ | کۆبوونەوەی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان بۆ باس و راوێژ لەسەر بارودۆخی عێراق لە شاری پاریس. |
| ٧٦ | ١٨ی سپتامبری ٢٠٠٣ | ماڵئاوایی شوکور مستەفا نووسەر،زمانەوان وەرگێری بە توانای کورد لەشاری هەولێر. |
| ٧٧ | ١٨ی سپتامبری ٢٠٠٥ | کۆچی دوایی مەرزە فەریقی ژنە هونەرمەندی گۆرانیبێژ و شۆرشگێری کورد لە شاری ستۆکلهکوم لە سوئید. |
| ٧٨ | ١٩ی سپتامبری ١٩٩١ | تیرۆری تێکۆشەری سیاسی شەهید سەعید یەزدانپەنا دامەزرێنەری یەکیەتی شۆرشگیرانی کوردستان، دواتر بۆتە پارتی ئازادی کوردستان |
| ٧٩ | ١٩ی سپتامبری ٢٠١٠ | ١٨٦ نووسەر، رۆشنبیر،ئاکادمسیەنی کورد و تورک بۆ چارەسەری پرسی کورد لە رێگای ئاشتیانە دا"ئەنجومەنی پیران"یان دامەزراند. |
| ٨٠ | ١٩ی سپتامبری ١٨٢٩ | هێزەکانی کورد بەپاڵپشتی رووسیە هێرشیان کردە سەر ناوچەی (قارس) ی دەوڵەتی عوسمانی و داگیریان کرد. |
| ٨١ | ٢٠ی سپتامبری ١٩٤٧ | کۆچی دوایی حوسێن حوزنی موکریانی مێژوونووس و رۆژنامەگەری لێهاتووی کورد خاوەنی چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "زاری کرمانجی"[ ٢٤ ژمارەی] گۆڤاری رووناکی گۆڤار و رۆژنامەی (دەنگی گێتی تازە). |
| ٨٢ | ٢٠ی سپتامبری ١٩٢٣ | یەکەمین ژمارەی حەوتەنامەی ئومێدی ئیستیقلال لە شاری سلێمانی بڵاوکرایەوە، ئەم رۆژنامەیە هەتا هاوینی ساڵی(١٩٢٤) ٢٥ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە |
| ٨٣ | ٢٠ی سپتامبری ١٩٩٤ | لە باشووری کوردستان پەرستگایەکی زەردەشتی لە لایەن پسپۆری شوێنەوارناسی کورد عەبدولرەقیب یوسف دۆزرایەوە ، ئەم پەرستگایە لە گوندی بێ تاسێ بوو، شوێنەوارە شارستانییەکەش ئاتەشگەیەکی زەردەشتی بوو کە مێژووەکەی بۆ پێش زایین دەگەرێتەوە. |
| ٨٤ | ٢٠ی سپتامبری ١٩٧٢ | کۆچی دوایی محەممەد عەلی مستەفا زانای بیرکار زانی کورد. |
| ٨٥ | ٢١ی سپتامبری ٢٠٠٤ | بە مەبەستی یارمەتی بە کورد تیپی زەیتوون کۆریای باشوور گەیشتنە باشووری کوردستان. |
| ٨٦ | ٢١ی سپتامبری ١٩٧٠ | پێک هاتنی یەکەمین کۆنگرەی یەکیەتی زانایانی ئاینی بەئامادە بوونی مستەفا بارزانی لە گوندی گەلاڵەی باشووری کوردستان. |
| ٨٧ | ٢١ی سپتامبری ١٩٩٢ | تیرۆری موسا عەنتەر نووسەری لێهاتوو و سەرپەرشتی دەیان گۆڤار و خاوەنی چەندین کتیبی مێژوویی،ئەدەبی و فۆلکلۆری کوردی بە دەست چەند چەکداری نەناسراو لە شاری دیاربەکر لە باکووری کوردستان. |
| ٨٨ | ٢١ی سپتامبری ١٩٤٦ | سەردانی قەدری جەمیل پاشا نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردی سوورییە لە کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد. |
| ٨٩ | ٢١ی سپتامبری ١٨٩٩ | کۆچی دوایی بەهادین عەبدوڵا هونەرمەندی چالاک و بە توانا لە شاری سلیمانی. |
| ٩٠ | ٢١ی سپتامبری ١٩٨٠ | تیرۆری سەرگورد عەبباسی خەباتگێر و تێکۆشەری سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان ،بە دەست بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی لە شاری مەهاباد. |
| ٩١ | ٢٢ی سپتامبری ١٩٨٠ | هەڵگیرسانی شەرِی یەکەمی کەنداو لە لایەن رێژیمی سەدام حوسێن دیکتاتۆری پێشوی ئێراق لە دژی ئێران کە ماوەی هەشت ساڵی خایاند، |
| ٩٢ | ٢٢ی سپتامبری ١٩٣٣ | کۆچی دوایی سەید ئەحمەد کوری شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجی ناسراو بە (حوسەینی) لەشاری کۆیە. |
| ٩٣ | ٢٢ی سپتامبری ١٨٩٣ | دەست پێکردنی شەرِ لە نێوان کورد و تورک و ئەرمەن. |




سەرچاوە
Serchawe



# هانی

هانی لە شاری سنە لە دایک بووە،خاوەنی دوو
منداڵە و لە ساڵی٢٠٠٤ وە لە ئاڵمان نیشتەجی یە.
لە زانکۆی تاران دەرسی وێنە کێشان و گۆرانی
خوێندوە.
ساڵی ٢٠٠٠ هاتووتە دنیای هونەری گۆرانی،
خۆشترین سات لای ئەو ،ئەو ساتەیە کە لە
سەرتەختەی شانۆ رادەوەستی وگۆرانی دەڵێ،
حەز لە گۆرانیە کۆنەکان دەکا و شەیدای
گۆرانیەکانی عەلی مەردانە.
ئەگەر هونەرمەند نەبایە، کاری سیاسی
دەکرد، چۆنکە بنەماڵەکەی هەموویان
سیاسین.
ژیانی ئەو بەستراوەتەوە بە خەم و پەژارەی
نەتەوەی کورد لە باکوور و رۆژهەڵات کوردستان.
داهاتووی ئەو وەکوو لاوانی وڵاتەکەی
دیار نیە.

❊❊❊❊❊

ر.نەقشی